# ڕەهەندی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران

# لەناو چوارچێوەی بیری نەتەوەیی نیشتمانێکی داگیرکراودا




ئەنفال

**مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ و لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی دووەمی (بارزان) لە پەیامە مێژووییەکەیدا بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشا، هەوڵیداوە هەموو هەڵەکانی لادانی بیری نەتەوەیی عەرەبی (القوميه العربيه) بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب ڕاست بکاتەوە و ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندوون: «شەڕی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە پێش ئێمە، ئێوەی چەوساندۆتەوە..»**

**لە قۆناخی دوای ڕاپەڕین و ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان، مسعود بارزانی جیا لەوەی پابەندبوونی خۆی بە برایەتی نێوان (کورد و عەرەب) دووپات کردەوە، لە هەمانکاتدا دوای دیالۆگی نێوان (کورد و عەرەب و فارس و تورک)ی کرد و بۆ ئەم ئامانجەش هەوڵێکی زۆر دراوە و هەتا ئێستاش هەوڵەکان بەردەوامییان هەیە**

بیری نەتەوەیی (Nationalism) هێندەی ئاماژەیە بۆ ئینتیمای هاووڵاتی بۆ نیشتمانێك، هێندە ئاماژە نییە بۆ ئینتیمای تاکێك بۆ نەتەوەکەی، ئەوجا لەبەر ئەوەی زۆر کەم ڕێکدەکەوێت کە جوگرافیای دەوڵەتێکی نەتەوەیی (Nation State) تەنیا لەیەك پێکهاتەی نەتەوەیی پێکهاتبێت، ئەوا بیری نەتەوەیی دەبێتە هەوێنی درستبوونی ئینتیمای هاوبەش و لێبوردەیی لەنێوان ئەو پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازانەی کە لە نیشتمانێکدا پێکەوە دەژین.

ئەو بیرمەندانەی لەسەر چەمکی بیری نەتەوەیی (ناشیۆنالیزم) توێژینەوەی وردو قووڵیان ئەنجامداوە، بیری نەتەوەیی لە دەرەوەی چوارچێوەی نیشتمانێك پێناسە ناکەن، بەڵکو چوارچێوەی نیشتمانێکە کە ڕەسەنایەتیی بیری نەتەوەیی بەو شێوەیە پێناسە دەکاتەوە کە ڕایەڵە هاوبەشەکانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان ئینتیمای نیشتمانی دروست دەکات و ناسنامەی نیشتمانیی ئەو نیشتمانە پێناسەی بیری نەتەوەیی هەموو پێکهاتە جیاوازەکان دەکاتەوە. ڕاشکاوانەتر بیری نەتەوەیی مرۆڤبووونی تاکەکانی نەتەوە لە ددانپێدانانی مرۆڤبوونی پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەدا پێناسە دەکاتەوەو، بیری نەتەوەیی، نەتەوەیەك ناکاتە سەردەست و نەتەوەیەکی دیکەش ژێردەست، یان داگیرکراو، بەڵکو بیری نەتەوەیی دروست، سەروەریی نیشتمانی لە سەروەریی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکاندا پێکەوە کۆدەکاتەوە.

سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی لە بنەڕەتدا دژی ئەو ئایدیۆلۆژیەتانە دروست بووە کە پێیان وابووە دەبێت نەتەوەیەك بە زەبری هێز، کۆی نەتەوەکانی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێك، یان ئیمپراتۆریەتێك کۆبکاتەوە و هەمووان بە زەبری هێز ملکەچ بکات، لەبەرامبەر ئەم ئایدیۆلۆژیەتە خۆسەپێنەدا، بیری نەتەوەیی (نەتەوە ئازادەکان) بەرامبەر ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتانە شۆڕشی بۆ مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرپا کردووە و ئەمەش بە تەنیا ڕێگەچارە زانیوە بۆ ئەوەی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەو هاووڵاتیانە دروست بکات کە هاوبەشیی نیشتمانی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

لەسەردەمی باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و کۆمۆنیستیدا، هەوڵێکی زۆر هەبوو کە بیری نەتەوەیی (ناشنالیزم) ناشیرین بکرێت، بەوەی بیری نەتەوەیی، یان ناشنالیزم هۆکاری هەڵگیرسانی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانییە، لەمەش خراپتر لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا یەکێتی سۆڤیەت زۆر هەوڵیدا هیتلەر و نازیزم وەك دەرهاویشتە خراپەکانی (ناشنالیزم) سەیر بکرێت و بناسێنرێت، بەڵام دەرهاویشتە خراپەکانی نازیزم ئەو کاتە بوو بە کارەسات بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی کە هیتلەر ناشنالیزمی ئەڵمانیای لە چوارچێوەی لۆکاڵیی خۆی دەرهێنا و بەرگێکی نێودەوڵەتی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و کۆمۆنیستی بەبەردا کرد، ئامانجی هیتلەر لە نازیزم ئەوە نەبوو کە نەتەوەی ئەڵمان خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان بن و پێکهاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەڵمان بپارێزێت و لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە نێویاندا دروست بکات، بەڵکو دروست وەك ئایدیۆلۆژیەتی مارکسی و کۆمۆنیستی ئامانجی ئەوە بوو ئیمپراتۆریەتێك دابمەزرێنێت و نازیزم حوکمڕانی هەموو جیهان بکات.

ئەمە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە دژایەتیی نێوان یەکێتی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی و ئەڵمانیای نازی، لەبەر ئەوە نەبووە کە هیتلەر نازیزم بووە و ستالین کۆمۆنیزم، بەڵکو لە بنەڕەتدا دژایەتیی نێوان ئایدیۆلۆژیەتی ئیمپراتۆریەتی نازی و کۆمۆنیست ئەوە بووە کە هەردووکیان ئامانجیان ئەوە بووە بە زەبری هێز تێکڕای حوکمڕانی جیهان بکەن.

لەبەرامبەر هەردوو ئایدیۆلۆژیەتی ئیمپراتۆریەتی (نازیزم و کۆمۆنیزم)، ڕۆژئاوای دیموکراتی هاوپەیمانی نێوان (نەتەوە ئازادەکان) ی ڕاگەیاند بۆ ڕێگرتن لە سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیەتی هەردوو ئیمپراتۆرییەکە، بۆ ئەمەش فرانکلین ڕۆزفەلت (سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا) و وینستۆن چەرچل (سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی بەریتانیا)، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو (چارتەری ئەتڵەسی )یان ئیمزا کرد، ئەم چارتەرە تەنیا هاوپەیمانییەك نەبوو بۆ ڕووخاندنی هیتلەر

و نازیزم، بەڵکو هاوپەیمانییەك بوو لە دژی ئیمپراتۆریەتی یەکێتی سۆڤیەتی پێشانیش کە دەیویست ئیمپراتۆریەتێکی کۆمۆنیستی لە جیهاندا دابمەزرێنێت.

ئەم باکگراوەندە مێژوویییەی لادانی بیری ناشنالیزم و گۆڕینی بۆ داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەکانی دیکە، بۆ ناشنالیزمی (تورك و عەرەب و فارس)یش دژی هاووڵاتیانی کوردستان لەهەر چوار پارچە بە هەمان شێوە بووە، هەروەها دەرهاویشتە خراپەکانی ناشنالیزمی (تورك و فارس و عەرەب) لە دژی خەڵکی کوردستان ئەو کاتە دەبێتە کارەسات بۆ کوردستان و تەواوی (تورك و عەرەب و فارس) کە ڕێز لە چوارچێوەی سەروەریی نەتەوەیی خۆی ناگرێت و هەوڵەکانی دەبێتە ئەوەی لەناو سنووری ئەو دەوڵەتە بەزۆر دروستکراوانەدا، هامۆجینێکی نەتەوەیی (فارس و تورك و عەرەب) دروست بکات و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتە بسڕێتەوە و بە زەبری چەك ملکەچ و سەرکوتیان بکات، ئەوجا چۆن نەتەوەکانی ئەورووپا و جیهان لە دژی هەژموون و باڵادەستیی نەتەوەیەك بە سەر نەتەوەکانی دیکەیان ڕەتکردۆتەوە و شۆڕشیان لە پێناوی مافی چارەنووس بەرپا کردووە، بە هەمان شێوە لە ناو هەر چوار دەوڵەتی (عێراق، سووریا، تورکیا و ئێران)دا، هاووڵاتیانی کوردستان بە جیاوازی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینییانەوە ئەو لادانەی ناشنالیزمی (عەرەب و فارس و تورك) یان قبووڵ نەکردووە و بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوو شۆڕش و سەرهەڵدان بەردەوام بووە و هەر بەردەوامیش دەبێت هەتا بیرکردنەوەی (تورك و عەرەب و فارس) ڕێز لە سەروەریی نەتەوەیی خۆیان دەگرن و سەروەریی نەتەوەیی خۆیان لەناو مافەکانی خەڵکی کوردستاندا پێناسە دەکەنەوە.

لایەنێکی دیکە کە بەردەوام هەڵگری ئایدیۆلۆژیەتە نێونەتەوەییەکان (ئایینی، چەپ، عەلمانی)، بیری نەتەوەیی یان (ناشنالیزم) بەوە تاوانبار دەکەن کە هەوڵدانە بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی، بەڵام لە بنەڕەتدا کێشەکە بەم جۆرە نییە، لەبەر ئەوەی شۆڕشە نەتەوەییەکان لە هەموو جیهاندا لەیەك خاڵدا هەموویان پێکەوە کۆدەبنەوە و هەمووشیان پێکەوە یەك پەیام ئاراستەی داگیرکارەکانیان دەکەن، ئەو پەیامەش ئەو پرسیارە گرنگەیە کە نەتەوەی ژێردەست لە نەتەوەی سەردەست دەپرسێت و پێی دەڵێت: ئەگەر تۆ خۆت بە نوێنەری نەتەوەیەکی ئازاد دەزانی، بۆچی مافی ئازادی بە نەتەوەکەی من ڕەوا نابینی؟ بۆیە کاتێك داگیرکارانی هەڵگری ئایدیۆلۆژیەتی خۆسەپاندن بەزەبری هێز، ئەم پرسیارەیان لەلایەن نەتەوە ژێردەستەکانەوە ئاراستە دەکرێت و ناتوانن بە ڕاستی وەڵامی نەتەوەیی خۆیان و نەتەوەیی ژێردەستیش بدەنەوە، نەتەوەی ژێردەست بە ناشنالیزم، یان جوداخواز، یان تێکدانی سنووری دەوڵەتەکە تاوانبار دەکەن.

مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ و لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی دووەمی (بارزان) لە پەیامە مێژووییەکەیدا بۆ عەبدولڕەحمان عەزام پاشا، هەوڵیداوە هەموو هەڵەکانی لادانی بیری نەتەوەیی عەرەبی (القومیة العربیة) بۆ هەموو نەتەوەی عەرەب ڕاست بکاتەوە و ڕاشکاوانە پێی ڕاگەیاندوون: «شەڕی ئێمە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ڕژێمانەیە کە پێش ئێمە، ئێوەی چەوساندۆتەوە..»، ئەم پەیامەی مستەفا بارزانی کە پەیامی پێکەوەژیانە بۆ نێوان نەتەوە جیاوازەکان لە ناوچەکە، تەنیا پەیامی کورد نەبووە بۆ نەتەوەی عەرەب، بەڵکو پەیامی تەواوی نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بووە کە توانیویانە لە چوارچێوەی بیری نەتەوەیی (کوردستانیبووندا) لێبوردەیی و پێکەوەژیان دروست بکەن، ئەم پەیامەی ژەنراڵ مستەفا بارزانی لە کاتێکدا ئاراستەی نەتەوەی عەرەب کراوە کە هەموو دەوڵەتانی جیهان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی یەکتریان دەکوشت.

لە ڕۆژانێکی وەك ئەمڕۆدا کە هەموو ساڵێك یادی زامەکانی ژینۆسایدی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان دەکەینەوە، ڕاشکاوانە ئەو بەڵگە زیندووانە خۆیان دەخەنەوە ڕوو کە تاوانێك وایکردووە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەییەوە ڕووبەڕووی جینۆسایدی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان ببنەوە، ئەوە بووە

**ئەو دیکۆمێنتەی گەلی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) تۆماریان کردووە، بۆتە بەڵگەیەکی مێژوویی و نەخشەی ڕێگە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتوو، هەروەها بۆتە ڕێگە پیشاندەری دیپلۆماتیەتی کوردی بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئیرادەی خەڵکی کوردستان هەوڵەکانی خۆی بۆ قەناعەتپێکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخاتەگەڕ**

**بیری نەتەوەیی هێندەی ئاماژەیە بۆ ئینتیمای هاووڵاتی بۆ نیشتمانێک، هێندە ئاماژە نییە بۆ ئینتیمای تاکێک بۆ نەتەوەکەی، ئەوجا لەبەر ئەوەی زۆر کەم ڕێکدەکەوێت کە جوگرافیای دەوڵەتێکی نەتەوەیی تەنیا لەیەک پێکهاتەی نەتەوەیی پێکهاتبێت، ئەوا بیری نەتەوەیی دەبێتە هەوێنی درستبوونی ئینتیمای هاوبەش و لێبوردەیی لەنێوان ئەو پێکهاتە نەتەوەییە جیاوازانەی کە لە نیشتمانێکدا پێکەوە دەژین**



**بیری نەتەوەیی، نەتەوەیەک ناکاتە سەردەست و نەتەوەیەکی دیکەش ژێردەست، یان داگیرکراو، بەڵکو بیری نەتەوەیی دروست، سەروەریی نیشتمانی لە سەروەریی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییە جیاوازەکاندا پێکەوە کۆدەکاتەوە**

کە تەنیا وەك (کوردستانیبوون) داکۆکییان لەو بیرە نەتەوەییە کردووە کە نیشتمانی (کوردستان) هەموویان پێکەوە کۆدەکاتەوە و خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان ناسنامەی کوردستانیبوونیان پێ دەبەخشێت. بۆیە گرنگە کاتێك یادی ئەم کارەساتە دەکەینەوە، رەهەندە گرنگەکانی ئەم کارەساتانە لە ناو چوارچێوەی بیری نەتەوەیی نیشتمانێکی داگیرکراودا، دووبارە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێتەوە.

**● بیرکردنەوەیەك بۆ رێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان**

مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی سەرتاسەرتی کوردستاندا ئەو پەیامەی ئاراستەی نەتەوەی عەرەب کرد کە شۆڕشی کوردستان دژی نەتەوەی عەرەب نییە، لە قۆناخی دوای راپەڕین و ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانیشدا، مسعود بارزانی جیا لەوەی پابەندبوونی خۆی بە برایەتی نێوان (کورد و عەرەب) دووپات کردەوە، لە هەمانکاتدا داوای دیالۆگی نێوان (کورد و عەرەب و فارس و تورك)ی کرد و بۆ ئەم ئامانجەش هەوڵێکی زۆر دراوە و هەتا ئێستاش هەوڵەکان بەردەوامییان هەیە.

ئەگەر ئەم دوو پەیامە وەك چوارچێوەیەك بۆ پێناسەکردنی ناشنالیزمی کوردستان لەقەڵەم بدەین، ئەوا هەردوو پەیامەکە ئەوە بە نەتەوەکانی (تورك و فارس و عەرەب و هەموو جیهان) دەڵێت، کە راستە ئامانجی ناشنالیزمی کوردستان دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئامانجی هەرە سەرەکی دروستکردنی ژینگەیەکی سیاسی هاوشێوەی کوردستانە لەسەر ئاستی ناوچەکە بۆ ئەوەی تەواوی نەتەوە جیاوازەکانی (تورك و عەرەب و فارس)یش لەگەڵ گەلی کوردستان بە لێبوردەیی بژین و هەموو پێکەوە پارێزگاری لە جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینەکان بکەین و ئەم جیاوازییانە بکرێنە خاڵی بەهێز بۆ شکۆ و سەروەریی هەر نەتەوەیەك، نەك هەوڵبدرێت گەلێکی وەك گەلی کوردستان لەسەر نیشتمان و



خاکی خۆی کۆمەڵکوژ بکرێت و بە جینۆساید بتوێنرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر لەسەر ڕەهەندەکانی زامی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان هەڵوەستە بکەین، ئەوا ئەم تاوانانە دەقاودەق پێناسەی جینۆسایدیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کاتێکیش ئاستی کێشەکانی نەتەوەیەك دەگاتە کارەساتی جینۆساید، ئەوا ئەم ئاستە یەك پەیامی بۆ هەردوو نەتەوەی ژێردەست و سەردەست هەیە، ئەویش مانای ئەوەیە هەوڵدان بۆ پێکەوەژیان و دووبارە دروستکردنەوەی پێکەوەژیان کۆتایی هات و دەبێت بیر لە چارەسەرێکی دیکە بکرێتەوە، ئەو چارەسەرەش تەنیا گەڕانەوەیە بۆ بیری نەتەوەیی بە مانای (کوردستانیبوون) و دەبێت هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان لە خاڵێکی هاوبەشدا ئەو ڕاستییە بسەلمێنن، کە ڕژێمە داگیرکارەکانی کوردستان بەگشتی و ڕژێمە یەك لە دوایەکانی دەوڵەتی عێراق لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا دژی کوردستانیبوونی هەموو نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بووە و، کێشەی لەگەڵ هەر نەتەوە و پێکهاتەیەك هەبووە کە خۆی بە خاوەنی ناسنامەی کوردستانی زانیبێت، ئەوجا ئەو نەتەوەیە (کورد بووبێت، یان کلدان و سریان و ئاشووری و تورکمان) یان (موسڵمان بووبێت، یان کریستیان، یان ئێزیدی، یان کاکەیی و.. هتد)، ئەوا بە یەك چاو سەیر کراوە لە هێرشە بەدناوەکانی ئەنفالەکان و لە بۆمبارانکردنە کیمیاوییەکاندا هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە کۆمەڵکوژ کراون.

خوێندنەوەی ئەم کارەساتە گەورانە لە چوارچێوەیەکی نیشتمانیی بەرفراواندا، پەیوەندی پتەوی نێوان بیری نەتەوەیی و جوگرافیای نیشتمان پێکەوە گرێدەداتەوە و هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بیری نەتەوەیی بە جوگرافیای نیشتمانێك نە دەتوانرێت باس بکرێت و نەدەتوانرێت پێناسە بکرێت، هەر بۆیە کاتێك دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ پێکەوە گرێدانەوەی ڕایەڵی خاڵە هاوبەشەکانی جیاوازیی نێوان نەتەوە و ئایینەکانی یەك نیشتمان، ئەوا

**بیری نەتەوەیی (نەتەوە ئازادەکان) بەرامبەر ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتانە شۆڕشی بۆ مافی چارەی خۆنووسین و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بەرپا کردووە و ئەمەش بە تەنیا ڕێگەچارە زانیوە بۆ ئەوەی لەسەر خاکی نیشتمانەکەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ ئەو هاووڵاتیانە دروست بکات کە هاوبەشیی نیشتمانی پێکەوە کۆیان دەکاتەوە**

**کێشەی گوتاری (سیاسی نیشتمانی کوردستانی) لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی خۆی لەو خاڵەدا بەرجەستە دەکات کە بەشێک لە ئایدیۆلۆژیای هێز و لایەنە سیاسییەکان، جوگرافیای نیشتمانیی کوردستان فەرامۆش دەکات، یان بەشێوەیەک ئەو ئایدیۆلۆژیە سیاسیە پیادە دەکەن، کە جوگرافیایەکی دیکە شوێنی جوگرافیای نیشتمانی کوردستان بگرێتەوە**

**دەرهاویشتە خراپەکانی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان هەموو جوگرافیای سیاسیی کوردستان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی گرتۆتەوە، هەر بۆیە کاتێک وەک سیمبولێکی نیشتمانی لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، یان ئەنفالەکانی گەرمیان هەڵوەستە دەکەین، ئەمانە تەنیا هێما و یادکردنەوەی ناوچەیەکی کوردستان نین، بەڵکو ئەم کارەساتانە بوونە هێما بۆ مەزڵوومیەتی گەلێک کە بێجگە لە داکۆکیکردنی لەسەر جوگرافیای نیشتمانێک هیچ تاوانێکی دیکەی نییە**

داگیرکاری ئەو نیشتمانە، مەرگی خۆی لە بونیادنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە جوگرافیای ئەو نیشتمانەدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە بە یەك چاوی دوژمنکارانە سەیری تەواوی ئەو هاووڵاتیانە دەکات کە خۆیان بە هاووڵاتی ئەو نیشتمانە دەزانن.

ئەم ئاراستەیە ئەو ڕێگەیەمان پیشاندەدات کە گەوهەری کێشەی نێوان گەلی کوردستان و تەواوی دەوڵەتانی داگیرکار، کێشەی نیشتمان و خاکە، نەك ئایین، یان نەتەوەیەکی دیاریکراو، هەر بۆیەشە کاتێك دەمانەوێت بیرکردنەوەیەکی گشتگیرانە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی کارەساتێکی هاوشێوەی ئەنفالەکان و کیمیاباران بکەین، ئەوا خاك و نیشتمان فەرزی دەکات کە دەبێت کۆی بیرکردنەوەکان لەچوارچێوەی بەهاکانی نیشتمان و ئەو خاڵە هاوبەشانەی هاووڵاتیانی کوردستان بێت، کە بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە ئەو خاڵە هاوبەشانە ناسنامەی کوردستانیبوون بۆ هەموومان دروست دەکات.

بیرکردنەوە لە چوارچێوەی جوگرافیای نیشتمانیی کوردستانیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعە سیاسییە بەزۆر دروستکراوەی بەسەر ئەم جوگرافیایەدا سەپێندراوە، ئەوا لەگەڵ ئەوەی ئەو جوگرافیا سیاسییە سەپێندراوە جۆرێك لە ئاراستەی پەیامی نیشتمانی کوردستانی بۆ ئاراستە جیاوازەکان دروست دەکات، بەڵام خودی پەیامە نیشتمانییە کوردستانییەکە هەر یەك پەیامە کە لەیەك کاتدا و لە چوار جوگرافیای سیاسیی سەپاودا ئاراستەی پایتەختەکانی (تاران و دیمەشق و ئەنکەرا و بەغدا) دەکرێت، ئامانجی ئەم پەیامەش ئەوەیە کە دەبێت حکومەتەکانی ئەو چوار دەوڵەتە هەوڵبدەن ئاراستەی بیرکردنەوەی خۆیان بگۆڕن و بگەنە قەناعەت کە بە ئەنفالەکان و کیمیابارانەکانیان، ئیرادەی گەلێکی زیندوو پەك ناخرێت و نەتەوەیەك لەناو جوگرافیای نیشتمانێکی داگیرکراودا ناسڕێتەوە.

ئەگەر لێرەوە لەسەر تایبەتمەندی پەیامی نیشتمانی کوردستانییانەی باشووری کوردستان بەرامبەر بەغدا هەڵوەستەی جددی بکەین، ئەوا وەك بەردەوام سەرکردایەتی سیاسیی ئەم بەشەی کوردستان جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەبێت ئەم وەرچەرخانە لە ئەقڵییەتی دەسەڵاتی داگیرکارانی کوردستاندا بە ئاشتی گۆڕانکاری بەسەردا بێت، یان بە دیوێکی دیکەدا کێشەی گەلی کوردستان بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، ئەم پەیامە راشکاو و راستگۆیانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەو حاڵەتەدا کاریگەری تەواوی بەو ئاستە دەبێت کە نوێنەرایەتی ئیرادەی زیندووی گەلی کوردستان بکات، کە هێز و لایەنە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بە هیچ جۆرێك وابەستەی ئایدیۆلۆژیەتێکی سیاسی ئەوجا (ئایینی، یان چەپ، یان عەلمانی) نەبن کە جوگرافیای نیشتمانی کوردستان فەرامۆش بکات.

کێشەی گوتاری (سیاسی نیشتمانی کوردستانی) لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی خۆی لەو خاڵەدا بەرجەستە دەکات کە بەشێك لە ئایدیۆلۆژیای هێز و لایەنە سیاسییەکان، جوگرافیای نیشتمانیی کوردستان فەرامۆش دەکات، یان بەشێوەیەك ئەو ئایدیۆلۆژیە سیاسیە پیادە دەکەن، کە جوگرافیایەکی دیکە شوێنی جوگرافیای نیشتمانی کوردستان بگرێتەوە، هەر بۆیە کاتێك ئەم حاڵەتە لەناو گوتاری سیاسی نیشتمانی هەر نەتەوەیەك دروست بێت و جوگرافیای نیشتمانی ئەو نەتەوەیە فەرامۆش بکرێت، ئەوا ئاستی کاریگەری ئەو گوتارە سیاسییە نیشتمانییە ناتوانێت پێناسە و رەنگدانەوەی ئیرادەی ئەو گەلە بێت کە خۆی بە خاوەنی ئەو جوگرافیا سیاسییە دەزانێت.

دەرهاویشتە خراپەکانی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان هەموو جوگرافیای سیاسیی کوردستان و تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی گرتۆتەوە، هەر بۆیە کاتێك وەك سیمبولێکی نیشتمانی لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، یان ئەنفالەکانی گەرمیان هەڵوەستە دەکەین، ئەمانە تەنیا هێما و یادکردنەوەی ناوچەیەکی کوردستان نین، بەڵکو ئەم کارەساتانە بوونە هێما بۆ مەزڵوومیەتی گەلێك کە بێجگە لە داکۆکیکردنی لەسەر جوگرافیای نیشتمانێك هیچ تاوانێکی دیکەی نییە.

**● پەنـد و وانـەی کارەسـاتە گەورەکانـی نەتـەوە بـۆ نەوەکانـی ئێسـتا و داهاتـوو**

نیـو سـەدە پێـش ئـەوەی کارەسـاتی هۆلۆکۆسـت بەسـەر جـووەکان بێـت لەسـەر دەسـتی نـازی، تیـۆدۆر هرتـزل، دروسـتکردنی دەوڵەتـی (جـوو)ی بۆ جـووەکان بە تەنیا ڕێگـە زانـی بـۆ پاراسـتنی هەمـوو جـووەکان لـە جیهانـدا، بـەڵام هەتـا کارەسـاتی جینۆسـایدی هۆلۆکۆسـت ڕووی نـەدا، بـە کردەیـی هەنـگاو بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتـی جـوو لـە ئیسـرائیل هەڵنەگیـرا، بـە دامەزراندنـی دەوڵەتـی ئیسـرائیلیش وەك کیانێکـی سیاسـی بـۆ جووەکان، جـوو وەك نەتـەوە بـووە خاوەن ناسـنامەی خـۆی لـە جیهانـدا، ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی هەتـا ئێسـتاشـی لەگەڵـدا بێـت، لەسـەر جوگرافیـای سیاسـیی دەوڵەتـی جـوو (ئیسـرائیل) کێشـە و ئاڵۆزییەکـی زۆر هەیـە و بەشـی زۆری جیهـان پێیانوایە ئـەو جوگرافیـا سیاسیەی دەوڵەتـی جوو (ئیسـرائیل)ی لەسـەر دامـەزراوە، بەشـێکی خاکی عەرەبـە و ئیسـرائیل داگیـری کـردووە.

تێگەیشـتنی (جـوو) بـۆ بایەخـی دەوڵەتێکـی نەتەوەیـی بـۆ جـووەکان بەنـاوی (ئیسـرائیل) لـەو خاڵـەوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە (جـوو) بەبـێ دەوڵەتـی ئیسـرائیل هیـچ ناسـنامەیەکی لـە جیهانـدا نییـە و ئەگـەر ڕووبەڕووی کارەساتێکیش ببێتـەوە، هیـچ دەوڵەتێـك بەرگـری لـێ نـاکات، هـەر بۆیـە وێـڕای هەمـوو هەڕەشـەکانی دەوڵەتانی عەرەبی و گەلەکۆمەکی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسـرائیل لـە سـاڵی ١٩٦٧، جـووەکان بڕیاریانـدا لەنـاو ئیسـرائیل گـۆڕی بەکۆمـەڵ هەڵبکەنـن و هەموویـان بەرگـری لـە دەوڵەتەکیـان بکـەن، تـا پێکـەوە دەکوژرێـن، ئـەم واقیعـە کـە لـە فیلمـە دیکۆمێنتارییەکانـی ( شـەڕی ٦ ڕۆژە) تۆمارکـراون، دەربـڕی ئـەو ڕاسـتییەن کـە مردنـی بەکۆمـەڵ لـە پینـاو شـکۆی نەتەوەیەکـدا کـە دەوڵەتـی نییـە لـەوە باشـترە کـە جارێکـی دیکـە ڕۆڵەکانـی ئـاوارەی وڵاتانـی جیهـان ببنـەوە.

دەوڵەتـی ئیسـرائیل لەگـەڵ ئـەوەی هـەر لـە سـەرەتای دروسـتبوونیەوە بانگەشـە بـۆ حوکمڕانییەکـی دیموکراتـی و هەڵبـژاردن و دەستاودەسـتکردنی ئاشـتییانەی دەسـەڵات دەکات، بـەڵام دیموکراتیـەت بـە مانـای (مرۆڤبـوون و ڕادەربڕینـی ئـازادی بیروبۆچوونـە جیـاوازەکان) نییـە، لـە ئیسـرائیلدا جیاوازیـی بیروبۆچوونـی سیاسـی و ئازادیـی ڕادەربڕیـن لـەو چوارچێوەیـەدا، ئایـا چ حزبێکـی سیاسـی لـەوی دیکـە زیاتـر شـانازی بـە جووبوونـی خـۆی و دەوڵەتـی جـووەوە دەکات، نـەك چ حزبێکـی سیاسـی لـەوی دیکـە زیاتـر بایـەخ بـە مافەکانـی مـرۆڤ دەدات؟ ئـەم ئاراسـتەی بیرکردنەوەیـەی کـە لـە مـاوەی زیاتـر لـە ٧٠ سـاڵی ڕابـردوو لـە ئیسـرائیلدا درێـژەی هەیـە، لەوانەیـە لـە ڕووی تیـۆری و بەراوردکردنـی تیۆرییانـەی لەگـەڵ بەهاکانـی لیبراڵیـزم جێگـەی ڕەخنەیەکـی تونـد بێـت، بـەڵام ئەگـەر دەوڵەتـی ئیسـرائیل بـەم شـێوازە ئاراسـتەی بیرکردنـەوە سیاسـییەکانی بـە مـان و نەمانـی دەوڵەتـی ئیسـرائیلەوە گـرێ نەدایـە، ئایـا ئێسـتا دەوڵەتـی ئیسـرائیل بوونـی دەبـوو؟ دیـارە پەنابردنمـان بـۆ نموونـەی دەوڵەتـی ئیسـرائیل، پاکانـە هێنانـەوە نییـە بۆ ئـەوەی دەوڵەتـی ئیسرائیل چەنـد هەقـە و چەنـد ناهەقـە، بەڵکـو مەبەسـتی سـەرەکی ئەوەیـە ئەگـەر دەوڵەتـی ئیسـرائیل نەبوایـە، ئایـا مەترسـیی دووبـارە و سـێ بـارە بوونـەوەی هۆلۆکۆسـتێکی دیکـە بوونـی نەدەبـوو؟ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە دەکرێـت لـە لێدوانەکانـی سـەرۆك وەزیرانـی ئیسـرائیل وەربگرێنـەوە کـە زۆر جـار سوپاسـی ئـەو سـەرۆك دەوڵەتانـە دەکات لـە بـری دەوڵەتـی ئیسـرائیل، بـە دەوڵەتـی (جـوو) ئامـاژە بـۆ دەوڵەتـی ئیسـرائیل دەکـەن.

ئەزموونـی هۆلۆکۆسـتی (جـوو) ژینۆسـایدی موسـڵمانەکانی (بۆسـنە)، ڕاسـتییەك بـۆ مێـژووی مرۆڤایەتـی دەسـەلمێنن، بـەوەی کـە کاتێـك نەتەوەیـەك لەسـەر دەسـتی نەتەوەیەکـی دیکـە دوچـاری جینۆسـاید بووبێـت، ئـەوا پرسـی پێکەوەژیـان دەبێتـە کارێکـی مەحـاڵ و دەبێـت ئـەو نەتەوەیـە خـۆی هەوڵبـدات و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بگەیەنێتـە قەناعـەت کـە بێجگـە لـە دەوڵەتـی سـەربەخۆ، هیـچ گەرەنتیـەك بـۆ نەتەوەیـەك بوونـی نییـە کـە دوچـاری جینۆسـاید بووبێتـەوە، باشـترین بەڵگـەی سـەلمێندراویش بـۆ دووبارەبوونـەوەی ئـەو کارەسـاتی هاوشـێوەی ئەنفالـەکان و کیمیابارانـەکان لـە کوردسـتاندا، هێرشـی تیرۆریسـتانی داعـش بـوو لـە ئابـی ٢٠١٤ بـۆ سـەر کوردسـتان و جینۆسـایدی ئێزیدییـەکان، هەروەهـا هێرشـی هێزەکانـی عێـراق بـوو بـۆ سـەر

**نیو سەدە پێش ئەوەی کارەساتی هۆلۆکۆست بەسەر جووەکان بێت لەسەر دەستی نازی، تیۆدۆر هرتزل، دروستکردنی دەوڵەتی (جوو)ی بۆ جووەکان بە تەنیا ڕێگە زانی بۆ پاراستنی هەموو جووەکان لە جیهاندا، بەڵام هەتا کارەساتی جینۆسایدی هۆلۆکۆست ڕووی نەدا، بە کردەیی هەنگاو بۆ دروستکردنی دەوڵەتی جوو لە ئیسرائیل هەڵنەگیرا**

**باشترین بەڵگەی سەلمێندراویش بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتی هاوشێوەی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان لە کوردستاندا، هێرشی تیرۆریستانی داعش بوو لە ئابی ٢٠١٤ بۆ سەر کوردستان و جینۆسایدی ئێزیدییەکان، هەروەها هێرشی هێزەکانی عێراق بوو بۆ سەر توزخورماتوو دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

**ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و ئەو کارەساتە ناخۆشانەشی لە دوای١٦ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ چەند ناوچەیەکی کوردستانی گرتەوە، سەلمێنەری ئەو راستییە بوون کە هەم سەرکردایەتیی سیاسی و هەمیش گەلی کوردستان بریارێکی راست و دروستیان داوە کە رێگەی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسیان وەک تەنیا رێگەچارە بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتەکان هەڵگرتووە**

توزخورماتــوو دوای کارەسـاتی ١٦ی ئۆکتۆبـەری ٢٠١٧.

بـۆ ئێسـتای بارودۆخـی سیاسـەتی جیهانـی و دەرکەوتنـی سـەرەتاکانی کۆتاییهاتنـی ئەو سیسـتمە جیهانییـەی کـە پێـی دەگوتـرا (سیسـتمی نوێـی جیهـان)، ئاماژەکان هەمـووی بـەو ئاراسـتەیەن کە تەنیـا رێگەیـەك بتوانێـت سیسـتمی دیموکراتـی لـە قەیرانـی دارمـان دوور بخاتـەوە، گەڕانەوەیـە بـۆ بیـری نەتەوەیـی (ناشـنالیزم) و ئـەم ئاراسـتەیە کـە رۆژ لـە دوای رۆژ لـە برەودایـە، پەیوەنـدی بە ژینگـەی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی چەنـد ساڵێك لەمـەو پێشـەوە نییـە، یـان راشـکاوانەتر ژینگـەی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی ئێسـتا بـە بـەراورد بـەو ژینگـە سیاسییەی کـە لـە ٢٥ی ئەیلووی ٢٠١٧ گەلـی کوردسـتان ریفراندۆمـی تیـا ئەنجامـدا، گۆڕانـکاری گـەورەی بەخـۆوە بینیـوە، راسـتە ئـەو کاتـەی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کوردسـتان بەگشـتی و شەخسـی مسـعود بارزانـی وەك سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان کـە بڕیـاری ریفراندۆمیان پەسـەند کرد و گەلی کوردسـتانیش بـە (بەڵـێ) دەنگی بـە سـەر بەخۆیی دا، هەمـوو ئاماژەکانی پەسـەندکردنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بـۆ ئیـرادەی گەلێکـی ئازادیخـواز بوونـی هەبـوو، بـەڵام دەرچوونـی دۆناڵـد ترەمـپ وەك سـەرۆکی ئەمریـکا و پێشـتریش ریفراندۆمەکـەی بەریتانیـا بـۆ جیابوونـەوە لـە یەکێتـی ئەوروپـا، هەوڵێکـی دژی بـە ئاراسـتەی پرۆسـەی ریفراندۆمـی ئـەو گەلانـەش دروسـت کـرد کـە لـەو کاتـەدا ریفراندۆمیـان ئەنجامـدا، لەوانـە گەلـی کەتەلۆنیا کـە لـە هەمـان کاتـی ریفراندۆمەکـەی کوردسـتاندا ئەوانیـش ریفراندۆمیـان بـۆ سـەربەخۆیی کەتەلونیـا لـە ئیسـپانیا ئەنجـام دا. راشـکاوانەتر گۆڕانکارییەکـی گـەورەی ئەوتـۆ بەسـەر واقیعـی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی و سیسـتمی جیهانیـدا هاتبـوو، کـە ژینگەیەکـی ئاڵـۆزی ئەوتـۆی دروسـتکرد، کـە نەتوانرێـت بڕیـاری دروسـت بـە ئاسانی لەسـەر گۆڕانکارییـەکان بدرێت، تەنانەت لەنـاو وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکادا، ریکـس تیلرسـۆنی وەزیـری دەرەوە و ستافی وەزارەتەکـەی کـە زۆر راشـکاوانە دژی ریفراندۆمەکـەی کوردسـتان بـوون و تیشـکی سـەوزیان دایـە هێزەکانـی عێـراق بـۆ ئـەوەی هێـرش بکەنـەوە سـەر کوردسـتان، خۆیـان لەنـاو وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکادا بەهـۆی ئـەو گۆڕانکارییانـەوە



بە جۆرێك سەریان لێ شێوا بوو، كە ریكس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریكا راشكاوانە دەیگوت لێدوانەكانی دۆناڵد ترەمپ سەرۆكی ئەمریكا دەربڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا نییە، بەڵام دوای چەند مانگێك لە ئەنجامدانی ریفراندۆم و پاش ئەوەی ترەمپ دەستی پێ لەكار كێشایەوە، دەركەوت بیركردنەوەی ریكس تیلرسۆن و ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاستی گۆڕانكارییە گەورەكانی سیاسەتی نێودەوڵەتی نەبوون.

ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و ئەو كارەساتە ناخۆشانەشی لە دوای١٦ی ئۆكتۆبەری هەمان ساڵ چەند ناوچەیەكی كوردستانی گرتەوە، سەلمێنەری ئەو راستییە بوون كە هەم سەركردایەتیی سیاسی و هەمیش گەلی كوردستان بریارێكی راست و دروستیان داوە كە رێگەی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسیان وەك تەنیا رێگەچارە بۆ دووبارە نەبوونەوەی كارەساتەكان هەڵگرتووە، هەر بۆیە ئەو دیكۆمێنتەی گەلی كوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) تۆماریان كردووە، بۆتە بەڵگەیەكی مێژوویی و نەخشەی رێگە بۆ نەوەكانی ئێستا و داهاتوو، هەروەها بۆتە رێگەپیشاندەری دیپلۆماتیەتی كوردی بۆ ئەوەی لەبەر رۆشنایی ئیرادەی خەڵكی كوردستان هەوڵەكانی خۆی بۆ قەناعەتپێكردنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بخاتەگەڕ.

گەورەترین بیانوو لە دەستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و قۆزتنەوەی لەلایەن دەوڵەتی عێراق و توركیا و ئێرانەوە دژی ریفراندۆمی گەلی كوردستان، ئەوە بوو بەوەی گوایە عێراق دەوڵەتێكی فیدراڵییە و لە دەستووری عێراقدا ئەو مافانەی گەلی كوردستان بوونی هەیە، كە گەلی كوردستان دەنگی پێ داوە، بەڵام كێشەی سەرەكی كە پێووستە لەبەر رۆشنایی ئەو كارەساتانەی بەسەر گەلەكەمان هاتووە و پێویستە بەردەوام جەختی لەسەر بكەینەوە، ئەوەیە: راستە ئەو مافانە لەناو دەستووری عێراقدا وەك بەند و برگە هەن، بەڵام كێشەی سەرەكی ئەوەیە كە خودی دەستوورەكە جێبەجێ نەكراوە، بگرە پێشێل كراوە.

**كێشەی سەرەكی كە پێوستە لەبەر رۆشنایی ئەو كارەساتانەی بەسەر گەلەكەمان هاتووە و پێویستە بەردەوام جەختی لەسەر بكەینەوە، ئەوەیە: راستە ئەو مافانە لەناو دەستووری عێراقدا وەك بەند و برگە هەن، بەڵام كێشەی سەرەكی ئەوەیە كە خودی دەستوورەكە جێبەجێ نەكراوە، بگرە پێشێل كراوە**



# کوردو دیالۆگی عاقڵەکان

ئەو کاتەی گوێم لە موحازەرەی پرۆفیسۆری کوردی عێراقی شێرزاد نەجارڕ دەگرت، بە ناوی: (برایەتیی عەرەب- کوردو دیالۆگی عاقڵەکان)، دەستەواژەیەکی هینری کێسنجەری وەزیری دەرەوەو راوێژکاری پێشووتری ئاسایشی نەتەوەییم بیرکەوتەوە، کاتێ قوتابییەك لێی پرسی: چ باشە بیخوێنێت، تاکو بگاتە ئەو شوێنەی پێی گەیشتووە؟ وەڵامی دایەوە:(مێژوو و فەلسەفە)، ئەو دوو پرسە بنەڕەتییە لە وتارەکەی شێرزاد نەجارڕدا ئامادەییان هەبوو لە (کۆڕبەندی گۆڕانکارییەکان- ناوەندی ئەلف) لە بەیروت و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی دەستەبژێری فیکری و رۆشنبیری و سیاسی.

مێژوو و فەلسەفە، کە کێسنجەر پشتی پێ بەستبوون، کە ئەو پێشەنگی کۆی عاقڵەکان بوو، کە دواتر چەندین ئەکادیمیستی ناودار هاتنە پاڵیەوە، لەوەتەی سەردەمی سەرۆك جۆن کینێدی کە لە **٢٢**ی تشرینی دووەمی **١٩٦٣** تیرۆرکرا، ئەم کەسە دوای خۆی چەندین کەسایەتیی دیکە بوونە خاوەن پێگەی دیپلۆماسی و ئاسایشی نەتەوەیی، لەپاڵ کێسنجەر، ئەوانەشی کە بەدەرکەوتن بریتی بوون لە: زبیگینۆ بریجنسکی و مادلین ئۆلبرایت و ستیفن هادلی و گۆندالیزا رایس.

بانگەواز بۆ دیالۆگی عاقڵەکان لە ناونیشانەکەیەوە وا دەخوێندرێتەوە کە پەیوەستە بە پەیوەندیی عەرەبی- کوردی، لە روانگەیەکی فەلسەفی و مێژووییەوە. دکتۆر شێرزاد فۆکسی خستە سەر شتە هاوبەش و یەکگرتووەکان و دوور لە شتە جیاوازو لێکجیاکەرەوەکان، بەتایبەتیش بانگەواز بۆ دیالۆگی بەهاو چەمکەکان، نەك دیالۆگی تفەنگ و خوێن، ئەمەش لە سۆنگەی بەرژەوەندیی هاوبەش و سوودی بەرامبەرەوە.

گرنگیی هۆشیاریی بە مێژوو و فەلسەفەکەی پشت بە گەڕاندنەوەی نابەستێت، رابردوو بە هەموو شتێکییەوە تێپەڕی، تەنیا سەلەفییەکان لە رابردوودا دەژین، بەڵام هێنانەناوەوەی مێژوو مانای گەڕاندەوەی نییە، ئامانجیش لەمەدا سوودوەرگرتنە لە وانەو پەندەکانی، کە دەبێتەهۆی بازدان بەسەر ئەو هەڵەو کەموکوڕییانەی لەگەڵیدا بوون، ئەمەش بە تەواوی بەسەر پەیوەندیی عەربی-کوردیدا جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتیش کورد لە مێژووی سەردەمدا و لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەگەر باسی عێراق بکەین، رووبەڕووی چەوسانەوەو جیاکاریی درێژخایەن بوونەتەوە، بێ لەبیرکردنی هەڵەکانی زۆربەی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد و کاریگەرییەکانی هێزەکانی دەرەکی و ئیقلمی و نێودەوڵەتی، کە پێشتر و ئێستاش کاردەکەن بۆ لاوازکردنی هەردوولاو بەهێزکردنی هەژموون و پێگەکانی خۆیان، نەخاسمە هێزە گەورەکان کە زۆرجار شەڕو ئاژاوەیان ناوەتەوەو کێشەو ناکۆکییەکانیان ئاڵۆزترکردووە، ئەمەش بۆ رازیکردنی بەرژەوەندییە خۆویستییە تەسکەکانیان، تەنانەت بەڵێنیان بەم لا، یان بە لایەکەی دیکە داوە، بەڵام ئەم بەڵێنانەیان نەبردۆتەسەر.

ئەزموونی مێژوویی، شکستی هەموو حکومەتە دیکتاتۆری و شۆڤینی و ستەمکارییەکانی سەلماند لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد لە گوزارشتکردن لە بوونی و ناسنامەی خۆی، بەشێوەیەك کە لەگەڵ پەرەسەندنی جیهانیدا بگونجێت، وەك چۆن بزووتنەوەکانی کوردی سەرنەکەوتن لە بەدیهێنانی خواست و داواکارییەکانیان لە رێی چارەسەری سەربازی و توندوتیژییەوە، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە، تەنانەت سوودوەرگرتن لە دیالۆگی

**ئەزموونی مێژوویی، شکستی هەموو حکومەتە دیکتاتۆری و شۆڤینی و ستەمکارییەکانی سەلماند لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی کورد لە گوزارشتکردن لە بوونی و ناسنامەی خۆی، بەشێوەیەک کە لەگەڵ پەرەسەندنی جیهانیدا بگونجێت**

**ئەگەر دەوڵەتی عێراق لەوەتەی دامەرزاندنی لە ساڵی ١٩٢١، بەدەست لاوازیی هەیکەلبەندی و پێکهاتەیی حکوومی و کەمیی ئازادییەکان ناڵاندبێتی، ئەوا بەدەست کێشەی کوردیشەوە ناڵاندوویەتی کە رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆز تربووە**



**عەبدولحوسێن شەعبان**

**توێژەر و بیرمەندی عەرەبی**

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ئاشتییانە و شارستانییانە بە هیوای گەیشتن بە شتە هاوبەشەکان کە مایەی ڕەزامەندیی هەردوو لا بێت، بە دداننان بە مافەکان، هەروەها بە مافی چارەی خۆنووسینی بەرامبەر لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و سوودی هاوبەش و لەسەر بنەمای شەراکەت و هاووڵاتیبوونی یەکسان.

دیسان ئەزموون سەلماندوویەتی کە پێکەوەژیان و لەسەر بنەمای دداننان بە فرەیی و هەمەجۆریی تاکە ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە دیالۆگ و بەدیهێنانی ئەنجامی پێویست، ئەمەش پێویست دەکات کە دیالۆگی عاقڵەکان لە دەرەوەی بازنەی ڕیزبەندیی پێشوەختە بێت، تەنانەت ئامانجەکەشی گەیشتن بێت بە شتی هاوبەش و بەسوود، بەتایبەتیش بە گەورەکردنی کۆکەرەوەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییەکان و ڕێزگرتن لە ناسنامەی تایبەت لە چوارچێوەی ناسنامەی گشتیدا، ئەمەش پێویست دەکات کە بە داڕشتنی دەستووری و یاسایی بچەسپێت، لە سۆنگەی بەها هاوبەشەکان کە تایبەتن بە گەل و وڵاتانی ناوچەکە لە بواری پەرەپێدان و ڕزگاری و دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا، وێڕای زیندووبوونەوەی شارستانی کە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی هەموو پرۆژەیەکی بووژانەوە.

ئەگەر دەوڵەتی عێراق لەوەتەی دامەزراندنی لە ساڵی ١٩٢١، بەدەست لاوازیی هەیکەلبەندی و پێکهاتەیی حکوومی و کەمیی ئازادییەکان ناڵاندبێتی، ئەوا بەدەست کێشەی کوردیشەوە ناڵاندوویەتی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆز تربووە، ئەویش بە هەڵگیرسانی شۆڕش و یاخیبوونەکان، گرنگترینیان شۆڕشی سەردەمی کوردییە بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی. هەروەها ئەگەر دروشمی (لەسەر تاوێری برایەتیی عەرەبی-کوردی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست تێکدەشکێن) خواستەکانی چەپی عێراقی لەوەتەی سییەکان بەرجەستە کردبێت، ئەوا لە شەستەکاندا (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو بە دروشمێك بۆ ژمارەیەکی زۆری لایەنەکانی بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی، لەوانەش بزووتنەوەی کوردی.

یەکەم ئاماژەش بۆ دداننان بە شەراکەتی عەرەب و کورد لە عێراق لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨دا هاتووە، کە بە دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمیی ساڵی ١٩٧٤بەهێزتر بوو، بەڵام دوای ئەوەی دەستێوەردانی دەرەکی و ستەمکاریی ناوخۆ ڕوویدا، هاوکات هەلومەرجی بابەتی کە بریتی بوو لە شەڕی عێراق- ئێران لە ١٩٨٠ تا ١٩٨٨، دواتریش داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئەمانە بوونەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی لە پەیوەندییەکاندا، کۆتای ئەمانەش ئەو گرژییە بوو کە لەمیانی هەڵمەتی ریفراندۆمی کورد لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ و لێکەوت و کاردانەوەکانی هاتەئاراوە.

کێسنجەر سەیری وتەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگل ناکات کە مێژوو تەڵەکەبازو فێڵبازە، تەنیا لە گۆشەی گەڕان نەبێت بەدوای هەڵەکان بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە، ئەگەرنا ئەوا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵکو بەو شێوەیە سەیری دەکات کە سوودی لێ ببینێت، ئەمەش فەلسەفە بنەڕەتییەکەیەتی، کە فەلسەفەو مێژووی پەیوەندیی عەرەبی- کوردییە. بۆیە بە مێژوو و فەلسەفە دەتوانرێت ڕووبەڕووی ئێستا و ئاییندە ببینەوە، کە ئەمەش بیروبۆچوونی بیرمەندی کوردییە.

**کێسنجەر سەیری وتەکەی فەیلەسووفی ئەڵمانی هیگل ناکات کە مێژوو تەڵەکەبازو فێڵبازە، تەنیا لە گۆشەی گەڕان نەبێت بەدوای هەڵەکان بۆ ئەوەی دووبارە نەبنەوە**

**گرنگیی هۆشیاریی بە مێژوو و فەلسەفەکەی پشت بە گەڕاندنەوەی نابەستێت، رابردوو بە هەموو شتێکییەوە تێپەڕی، تەنیا سەلەفییەکان لە رابردوودا دەژین**

جەیمس رەسڵ

تایبەتمەندی کاروبارە ئەمنییەکان بۆ گوڵان:

# رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئێستادا گرنگییەکی ستراتیژیی کەمتری بۆ ئەمریکا هەیە

جەیمس رەسڵ پرۆفیسۆرە لە بەشی کاروبارە ئەمنییەکان لە سکوولی (naval postgraduate) و وانەبێژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەییە، بە شێوەیەکی گشتی شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك: ستراتیژیی ناوکی، سیاسەت و ئاسایش لە وڵاتانی کەنداو، ستراتیژیەتی ئەمنیی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بەو گۆڕانکارییانەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا بەدی هاتوون، بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە.

## دیمانەی تایبەت



*** وەك كەسێكی شارەزا و تایبەتمەند لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چۆن لەم سیاسەتە دەڕوانیت و چ هەڵسەنگاندنێكت بۆی هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من ناتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیاوازییەكی بنەڕەتی هەیە و لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەكانی پێش خۆی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بەرجەستەبوونی دابڕانێكی دراماتیكییە، ئیدی سیاسەتەكانی ئیدارەی باراك ئۆباما بێت، یان جۆرج بوشی كوڕ. لەم روانگەیەوە دەتوانین بڵێین درێژەپێدان و بەردەوامییەك بەدی دەكرێت لەو سیاسەتەی لە دوای كۆتاییهاتنی شەڕی ساردەوە پیادەكراوە و گیراوەتەبەر، كەواتە دووپاتی دەكەمەوە، من پێموانییە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ زۆر دووركەوتبێتەوە لەو سیاسەتانەی لەلایەن ئیدارەكانی پێش خۆیەوە پێشتر پەیڕەوكراون.

*** تێڕوانینی ئێوە بۆ دۆخی ناوچەكە چییە، بەتایبەتی لەبەر رۆشنایی چەندین پەرەسەندن و رووداوی گەورە كە لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا روویانداوە و روودەدەن، ئایا ئەمە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا هیچ رەنگدانەوەیەكی نەبووە؟**

- هەڵبەتە ئەوەی نكۆڵی لێ ناكرێت، ئەوەیە كە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی دەیەی رابردوودا ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەردا هاتووە و گۆڕانكاریی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێموانییە پایە بنەڕەتییەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بە ئەندازەی ئەو ئاڵوگۆڕانە، گۆڕانكارییان بەسەردا هاتبێت.

**ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز لە ئیسرائیل دەکات و سەرسەختانەش بەرهەڵستیی ئامانج و مەرامەکانی ئێران دەکات، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ درێژە بە هەمان ئەو سیاسەتانە دەدات کە ئیدارەی پێش خۆی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پیادەی کردووە**

**راستە ترەمپ لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی ئەوەی دا کە دەستێوەردانە سەربازییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بە زەحمەت شوێنێك بەدی دەکەین کە ئەم بەڵێنەی تێدا جێبەجێ کردبێت**

*** ئایا دەکرێت زیاتر مەبەستەکەتان روون بکەنەوە، کاتێك دەڵێن سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا نەهاتووە؟**

- لە راستیدا دەکرێت ئاماژە بە سیاسەتی جێگیری ئەمریکا بکەین، لە پەیوەندی بە پشتیوانیکردنی هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا، وەك سعودیە و وڵاتانی کەنداو بەگشتی، هەروەها ئاشکرایە کە ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز لە ئیسرائیل دەکات، لە هەمان کاتدا سەرسەختانە بەرهەڵستیی ئامانج و مەرامەکانی ئێرانیش دەکات، کەواتە دەکرێت بڵێین هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی دۆناڵد ترەمپ درێژە بە هەمان ئەو سیاسەتانە دەدات کە ئیدارەی پێش خۆی لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پیادەی کردووە، کەواتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە من پتر بەردەوامی بەدی دەکەم لەم سیاسەتەدا نەك گۆڕانکاری.

*** بەڵام زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ مەیلی زیاتری هەیە بۆ خۆبەدوورگرتن لە دەستێوەردان و تێوەگلان لە کاروباری وڵاتانی ئەم ناوچەیە، ئایا ئەم مەیلە لە سیاسەت و بڕیارەکانی ئەمریکادا بەرجەستە بووە؟**

-ئەو لایەنەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ کە جێی سەرنجە ئەوەیە، کە خودی ترەمپ لە سەروەختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا باسی لەوە دەکرد، ئەگەر دەسەڵات بگرێتەدەست ئەوا سنوورێك بۆ دەستێوەردانی سەربازیی ئەمریکا لە هەندێ ناوچەی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێ. بەڵام ئەوەی لە واقیعدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا بەردەوامە لە ئەنجامدانی ئەو دەستێوەردانە سەربازییانە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بڕیارەکەی سەرۆك ترەمپ بکەین، بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا، بەڵام دواتر بینیمان کە کەوتە ژێر باری فشارەکانی لایەنە سەربازییەکانەوە و لە کۆتاییدا لەسەر هێشتنەوەی هێزێکی کەم لەسەر خاکی سووریا رەزامەندیی نیشان دا، لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەتوانین ئەوە بڵێین، کە ئەمریکا هۆکارێکی پشتیوانە بۆ دەستێوەردانی سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداو لە یەمەندا، چونکە لەو شەڕەدا کەلوپەل و چەکی سەربازیی ئەمریکی بەکار دەهێنرێن، واتە ئەوە چەکەکانی ئەمریکایە کە بە هۆیەوە سعودیە دەتوانێت لە یەمەن ئەو هێرشە ئاسمانییانە ئەنجام بدات، کە دەرئەنجامی خراپ و کارەساتباری لێکەوتۆتەوە و لێ دەکەوێتەوە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەمریکا بەردەوامیی داوە بەم دەستێوەردانانە و بگرە لە هەندێ لە ناوچەکانی ئەفریقا چالاکییە سەربازییەکانی زیاتر کردووە، ئەوەتا هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی لە سۆماڵ زیاتر کردووە، کە لەوێدا بە چڕی گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە ئەلقاعیدە دەکرێنە ئامانج، کەواتە، راستە ترەمپ لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەڵێنی ئەوەی دا کە دەستێوەردانە سەربازییەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە بە زەحمەت شوێنێك بەدی دەکەین کە ئەم بەڵێنەی تێدا جێبەجێ کردبێت.

*** لەلایەکی دیکەوە بۆچوونێك هەیە، کە پێیوایە لە ئێستادا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی و بایەخێکی کەمتری بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە، لەم روانگەیەشەوە پێویستە ئەمریکا رۆڵ و دەستێوەردانەکانی خۆی لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیەدا کەمتر بکاتەوە، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا و بۆچوونی منیش ئەوەیە کە لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەراورد بەو گرنگییەی هەیبوو لە سەروەخت و رۆژگاری شەڕی سارددا گرنگیەکی ستراتیژی کەمتری بۆ ئەمریکا هەیە، لەسەر ئەم بنەمایەش پێموایە کە ئاڵوگۆڕێکی ستراتیژی لە بایەخپێدان و جەختکردنەوەی ئەمریکا روویداوە بۆ ناوچەی دیکە لە ئاسیا، بۆ نموونە، لەم ماوەیەدا باس لەوە دەکرا کە هێزی دەریایی ئەمریکا نەیتوانیوە لە هەندێ ناوچەی دیکەی ئاسیادا بە بەردەوامی کەشتیی فڕۆکەهەڵگری هەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەمریکا بە رەوتێکی لەسەرخۆ گۆڕانکاری لە بایەخپێدانی ستراتیژی خۆیدا دەکات بە ئاراستە و ئاقاری هەندێ کێشە و قەیرانی دیکە لە ئاسیادا، وەك هەوڵ و کۆششەکانی بۆ ئیحتیواکردنی کۆریای باکوور.

*** کەواتە لەبەر رۆشنایی ئەم لێکدانەوەیەدا کە**

**لە وەڵامەکەدا روونت کردەوە، ئایا دەکرێت بڵێین ئەولەوییاتە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە ئێستادا چین؟**

- سەرەڕای ئەو ئاڵوگۆڕەی لە بایەخپێدان و تەرکیزکردنی ئەمریکادا روویداوە، یەکێك لە ئەولەوییاتە ستراتیژییەکانی ئەمریکا کە بە جێگیری ماوەتەوە، بریتییە لە هەوڵەکانی بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، کە هەندێ جار پێی دەوترێت شەڕێکی رانەگەیەندراو، هەرچەندە من نامەوێت بەم شێوەیە وەسفی بکەم، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە، ئەمریکا قورسایی زۆری خستۆتەسەر ئیحتیواکردنی ئێران، بەو پێیە لە ناوچەکەدا ئەم وڵاتە بە کاراکتەرێکی خراپ دادەنێت، هەر لەبەر ئەوەشە پێموایە ئەمریکا سەبارەت بەو ئەولەوییاتەکانی خۆی لە بارێکی ناکۆکدا دەبینێتەوە.

*** ئایا پێشبینیی ئەوە دەکەن کە ئەمریکا لە ئاسیادا بەردەوام بێت لەسەر ئەم ئاڵوگۆڕە و بایەخی زیاتر بە هەندێ ناوچەی دیکە بدات؟**

-پێشبینی من ئەوەیە کە لە ماوەی دەیەی داهاتوو، یان ١٥ ساڵی داهاتوودا ئەمریکا درێژە بەم ئاڵوگۆڕە دەدات، واتە کات و کۆششی خۆی پتر بۆ کێشە و قەیرانی ئەو ناوچەیە تەرخان دەکات، لە دەرئەنجامدا ئەمریکا دەستێوەردانێکی کەمتر دەکات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بەراورد لەگەڵ رابردوو.

*** ئایا لە ئێستادا هیچ کەمبوونەوە و داکشانی رۆڵی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت؟**

- بەڵێ، لە واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەمە رەنگدانەوەی هەبووە، مەبەستم ئەوەیە لە ئێستادا دۆخێکی جیاواز باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، بەڵگەی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە ئێستا هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە، وەك ئێران، سعودیە، تورکیا، میسر، لە ناوچەکەدا رۆڵی زیاتر دەبینن، من دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە کاتێك دەبینین هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بەرپرسیارێتیی کاروبارەکانی ناوچەکە دەگرنەئەستۆ، ئەوا ئەمە هەم لە بەرژەوەندیی ناوچەکە و هەم لە بەرژەوەندی خودی ئەمریکاشە، کەواتە ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، بریتییە لە دۆخێك کە بە ئاراستەی ئەوەدا دەڕوات، جۆرێك لە هاوسەنگی لەنێوان ئەم وڵاتانەدا بێنێتەئاراوە، من ئومێد دەکەم ئەو هاوسەنگییە دروست بێت و لە ئەنجامدا هەلومەرجێکی دروست بێتەئاراوە کە بوار بە هاتنەئارای ئاشتی بدات، کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا هێزە ناوچەییەکان پتر لە ئەمریکا مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان دەکەن، هەروەها ئەم بارودۆخەش کە هاتۆتەئاراوە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات ئەمریکا رۆڵی خۆی کەمتر بکاتەوە، ئەمەش بواری ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت کە کات و کۆششی خۆی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخە ستراتیژییەکانی ناوچەکانی دیکە تەرخان بکات.

*** لە یەکێك لە وەڵامەکانتدا ئاماژەت بەوەکرد، کە یەکێك لە ئەولەوییەتە جێگیرەکانی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بریتییە لە هەوڵەکانی بۆ ئیحتیواکردنی ئێران، ئەوەندی تێبینی بکرێت ئەوەیە کە ستراتیژییەتی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران دوو رەهەندی هەیە، یەکەمیان سەپاندنی سزای ئابوورییە لە دژی ئەو وڵاتە و دووەمیان دروستکردنی بەرەیەکە لە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئێران، تێڕوانینی ئێوە لەسەر ئەم ستراتیژیەتە چییە؟**

- ئەم چەشنە ستراتیژیەتە بێهودەیە و بگرە دەرئەنجامی پێچەوانەشی لێدەکەوێتەوە، هەروەها پێموایە ئیدارەی ئەمریکا هەڵەیەکی گەورەی کرد کاتێك لەو رێککەوتنە ئەتۆمییە کشایەوە کە ئێران لەگەڵ کۆمەڵەی ٥+١ بۆ سنووردارکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی واژۆی کرد. بە باوەڕی من ئەم بڕیاری کشانەوەیە لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە کاریگەریی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە، هەم لەسەر ناوچەکە و هەم لەسەر پرسی پەیوەست بە رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، دواتر من پێموایە دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بخرێتە گۆشەیەکەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەو ستراتیژیەت و سیاسەتە دەرەکییەی کە ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەیگرێتەبەر.

*** بەڵام ئاشکرایە کە سەرەڕای کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمریکا لەم رێککەوتنە، هێشتا ئێران بڕیاری نەداوە دەستبەرداری ئەم رێککەوتنە بێت، بگرە لایەنەکانی دیکەی رێککەوتنەکەش رایانگەیاندووە کە پێوەی پابەند دەبن، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

**کاتێک دەبینین هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بەرپرسیارێتی کاروبارەکانی ناوچەکە دەگرنەئەستۆ، ئەوا ئەمە هەم لە بەرژەوەندیی ناوچەکە و هەم لە بەرژەوەندیی خودی ئەمریکاشە**

**لە ئێستادا هێزە ناوچەییەکان پتر لە ئەمریکا مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی خۆیان دەکەن، هەروەها ئەم بارودۆخەش کە هاتۆتەئاراوە هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات ئەمریکا رۆڵی خۆی کەمتر بکاتەوە**

- لە راستیدا ئەوەی من نیگەران دەکات ئەگەری کشانەوەی ئێرانە لەم رێککەوتنە ئەتۆمییە، لەبەر ئەوەی کە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پرسی پەیوەست بە رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، چونکە ئەمە سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی دۆخێك کە ئەو باوەڕە دروست دەکات کە ئێران بە رەوتێکی خێرا دەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی دەکاتەوە، لە دەرئەنجامدا وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش هەنگاوی هاوشێوە هەڵدەگرن، کە ئەمەش دەرئەنجامی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە لەسەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە، کەواتە بڕیاری ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا کاریگەریی پێچەوانە و دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

*** ئەگەر تا ئێستا ئەو سیاسەت و ستراتیژیەتەی پیادە دەکرێت، کاریگەریی نەخوازراویان لێ بکەوێتەوە و پتر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە بخەنە مەترسییەوە، ئایا رێگاچارە چییە و دەبێت چی بکرێت بۆ گەڕاندنەوە ئارامی بۆ ناوچەکە؟**

-من هیوادارام وڵاتانی دەستڕۆیشتووی ناوچەکە (کە پێشتر ئاماژەم پێکردن)، بتوانن بگەنە جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و رێککەوتن لە نێو خۆیاندا، کە پێموایە کارێکی لەم چەشنە لە بەرژەوەندیی خودی ئەمریکاشدایە، هەرچەندە من دڵنیا نیم کە ئەمریکا چۆن دەتوانێت رۆڵێکی بنیاتنەر لەم پرسەدا ببینێت، واتە لە پرسی هێنانەئارای جۆرێك لە تێگەیشتن و رێککەوتن لەنێوان ئێران و سعودیەدا، کە تورکیا و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداو لەخۆ بگرێت، کە بە رای من ئەمە هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ هێنانەئارای سەقامگیری لە مەودای دووردا، هەروەها بۆ خۆلادان لە دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییانەی لە وڵاتە شکستخواردووەکانی ناوچەکەدا لە ئارادان، وەك: سووریا، عێراق، یەمەن و لیبیا. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە، گرنگە وڵاتانی ناوچەکە پێکەوە کۆببنەوە و بتوانن چوارچێوەیەك دابرێژن بۆ ئەوەی هەر کاتێك پێویست بوو، بتوانن هاوکاریی یەکتر بکەن، ئەگەرچی دەبێت ئەو راستییەشیان لەبەرچاو بێت، کە هەمیشە ناکرێت بەرژەوەندییەکان هاوبەش بن و یەکبگرنەوە، واتە ئەم رێگاچارەیە تێکەڵێك دەبێت لە هاوکاریکردنی یەکتری و لە هەمان کاتدا ململانێکردن لەگەڵ یەکتردا، هەروەها دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە پێویستە وڵاتانی ناوچەکە خۆیان سروشت و ناوەرۆکی ئەم چوارچێوەیە دابرێژن و هەتا زووتر ئەم کارە بکەن، باشترە.

*** هەر لە پەیوەندی بە کاریگەریی سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، هەندێ لە چاودێران و شرۆڤەکاران پێیانوایە ئەم سزایانە ئێران ناچار بە سازشکردن ناکات، تا چ رادەیەك ئێوە لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا هاوڕان؟**

-من خۆم بە کەسێکی مێژوونووس نازانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ حاڵەتێك بەدی ناکەم لە مێژووی هاوچەرخدا کە تێیدا فشار لەسەر ئێران دروست کرابێت و لە دەرئەنجامی ئەو فشارەدا ئێران سازشێکی کردبێت، بە واتایەکی دیکە سازشکردنەکەی ئێران رەنگدانەوەی فشارەکە بووبێت، دواتر ئێمە دەبێت ئەو راستییەمان لەبەرچاو بێت کە ئێران لە بارەی مێژووی خۆیەوە هەستێکی بەهێزی هەیە، هەروەها شانازییەکی نەتەوەیی بەهێزی هەیە، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە دێرینترین دەوڵەتەکان لە تەواوی ناوچەکەدا، لە دەرئەنجامی هەمووو ئەوانەوە دەتوانین بڵێین کە دەبێت چوارچێوەیەکی ناوچەیی هەبێت کە رەنگدانەوەی ئەو راستییە بێت کە ئێران رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ناوچەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت کار بکرێت لەسەر ئەوەی ئەم رۆڵەی ئێران بە رێگایەکەی بنیاتنەردا ببردرێت، مەبەستم ئەوەیە ئێران هێز و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام دەبێت هێزەکانی ناوچەکە کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئەم هێزەی ئێران بە ئاراستەی ئیجابی و بۆ بەرژەوەندیی ناوچەکە بەکار بهێنرێت، ئەمەش دەرئەنجامی باشی لەسەر بەرژەوەندی و گوزەرانی خەڵك دەبێت. کەواتە دووبارەی دەکەمەوە کە کارکردن بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و سەپاندنی سزای قورس و پڕووکێنەر بەسەر ئەو وڵاتەدا، کاریگەریی پێچەوانەوە و نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

*** باس لەوە دەکەن کە رێککەوتن بکرێت و چوارچێوەیەکی ئیقلیمی دابڕێژدرێت کە ئێران رۆڵێکی ئیجابی تێدا ببینێت، ئایا پێتوانییە پێویستە سەرەتا ئەمریکا و ئێران بگەنە جۆرێك**

ئێران هێز و دەستڕۆیشتوویی هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام دەبێت هێزەکانی ناوچەکە کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئەم هێزەی ئێران بە ئاراستەی ئیجابی و بۆ بەرژەوەندیی ناوچەکە بەکار بهێنرێت، ئەمەش دەرئەنجامی باشی لەسەر بەرژەوەندی و گوزەرانی خەڵک دەبێت

**باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ناوچەکە، یان گەلانی ناوچەکە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا هەست بە شەکەتی و ماندوویی بکەن و لە کۆتاییدا دەست لە چەک هەڵگرن و رێگای ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان بگرنەبەر**

**لە لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن بۆ ئەوەی ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی هەبێت لەسەر پەیوەندی ئێران بە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەوە، بەتایبەتی هەندێ بۆچوون هەیە، کە پێیوایە ئەمە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوو لەگەڵ ئێراندا؟**

- ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێم، من هەرگیز یەکێك نەبووم لەو کەسانەی پێموابووبێت کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران بە شێوەیەکی جیاوازتر لە ڕابردوو ڕەفتار بکات، چونکە ئێمە دەزانین لە لوتکەی شەڕی سارددا ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت توانییان بگەنە ڕێککەوتنی کۆنترۆڵکردنی چەك، بە بێ ئەوەی لە دەرئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا سیاسەت و ڕەفتارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەدوادا بێت. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم کە کارێکی واقیعبینانە نییە ئەگەر پێشبینی ئەوە کرابێت کە گەیشتن بەم ڕێککەوتنە کۆنترۆڵکردنی چەکە، کە پێشتر ڕێککەوتنی لەم چەشنەی لەگەڵدا واژۆ نەکرابوو، ئاشتی و پێکەوەکارکردنی هەردوولای لێدەکەوێتەوە، هەرچەندە دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەگەر بهاتایە ئەم پرۆگرامە بەردەوام بوایە، ئەوا دەرئەنجامی کارەساتباری لێدەکەوتەوە لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە، کەواتە ئەو پرسەی پەیوەستە بە ڕەفتارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا ئەوا دەبێت لەو چوارچێوە ئیقلیمییەدا چارەسەر بکرێت کە پێویستە لە نێو وڵاتانی ناوچەکەدا بەدی بێت، نەك درێژە بەو بنبەستگەیشتنە بدرێت، کە لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە و نەك ئەو شەڕە ڕانەگەیەندراوەی بۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژە لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە و کاتی ئەوە هاتووە ئەمە کۆتایی پێ بێت.

*** ئەگەر بێینە سەر باسی پرسی تیرۆر و توندڕەوی لەم ناوچەیەدا، ئەوا ئێوە چەندین وتار و توێژینەوەتان لەبارەی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی یاخیبوون نووسیوە، کە پەیوەستن بە عێراق و سووریاوە، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا بۆچی دوای هەموو سەرکەوتنێکی سەربازی بەسەر تیرۆریستاندا مەترسیی لەدەستدانی ئاشتی لە ئارادایە؟**

- لە ڕاستیدا هەر کاتێك من پرسیارم لێدەکرێت لەم بارەیەوە یان هەر کاتێك لەم بارەیەوە دەنووسم، ئەوا پێموایە هەر کاتێك ئێمە باسی ئەلقاعیدە دەکەین، یان هەر کاتێك قسە لەبارەی داعش، یان بەرەی نوسرەوە دەکەین، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە هەموو ئەم گرووپانە گرووپی سیاسین، بەڵام توندوتیژی بەکار دەهێنن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانیان، ئێمە دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە هەموو ئەمانە لە ناوچەیەکدا ڕوودەدەن کە هێشتا گفتوگۆیەکی یەکلانەکراوە هەیە لەبارەی چەندین پرسی گرنگەوە، وەك ناسنامەی تاکەکەس، شوناسی دەوڵەت، پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت، ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەدا و سەرچاوەی یاسا، ئەمە ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت. مەبەستم ئەوەیە هێشتا مشتومڕەکانی پەیوەست بەم بوارانە نەگەیشتوونەتە دەرئەنجام و یەکلا نەبوونەتەوە، هەرچەندە دەبێت ئەوەش بڵێین، کە لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا گفتوگۆی پەیوەست بەم پرسانە بە یەکجاری یەکلا نەبۆتەوە، بەڵام جیاوازییەکە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان لە بەشە عەرەبییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە کە ئەم گفتوگۆیە بەرەوپێش نەچووە، واتە بەرەوپێشچوون لە کۆمەڵگەدا لە بواری چارەسەرکردن و ئیدارەدانی جیاوازییەکانەوە بە شێوەیەکی ئاشتییانە ڕووی نەداوە. هەروەها تاوەکو ئەم کۆمەڵگە و دەوڵەتانە نەتوانن سیستمێکی سیاسی بنیات بنێن کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئیدارەی جیاوازییەکان بکات، ئەوا هەمیشە ئەگەری ئەوە لە ئارادا دەبێت کە بەرهەڵستیی چەکداری لە شێوەی گرووپی تیرۆریستدا سەرهەڵبدات، لەبەر ئەوەی ئەو بەرهەڵستکارییە بواری بەشداریکردنی پێنەدراوە و بگرە بە شێوەیەکی داپڵۆسێنەرانە لەلایەن ڕژێمە دەسەڵاتدارەکەوە سەرکوت کراوە. لەم ڕوانگەیەوە پێموایە ئەو جۆرە بەرهەڵستییە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت، تا ئەو کاتەی سیستمێکی سیاسی بنیات دەنرێت، کە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئیدارەی جیاوازییەکان بدات.

*** زۆرجار دەوترێت کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشە و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە بریتییە لە دەستێوەردانی بەردەوامی هێزە دەرەکییەکان، ئەگەرچی هەندێ جاریش دەوترێت پێویستە هێزێکی دەستڕۆیشتووی وەك ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاو و بنیاتنەر ببینێت لەم ناوچەیەدا،**

**ئێمە دەزانین لە لوتکەی شەڕی سارددا ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت توانییان بگەنە ڕێککەوتنی کۆنترۆڵکردنی چەک، بە بێ ئەوەی لە دەرئەنجامی ئەم ڕێککەوتنەدا سیاسەت و ڕەفتارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەدوادا بێت**

**دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت کە هەموو ئەمانە لە ناوچەیەکدا ڕوودەدەن کە هێشتا گفتوگۆیەکی یەکلانەکراوە هەیە لەبارەی چەندین پرسی گرنگەوە، وەک ناسنامەی تاکەکەس، شوناسی دەوڵەت، پەیوەندیی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت، ڕۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەدا و سەرچاوەی یاسا، ئەمە ئەگەر گوزارشتەکە ڕاست بێت**



**بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بۆچوونی من ئەوەیە کە ئەمریکا ناتوانێت و نابێت کارێکی زۆر بکات بۆ ئەوەی کاریگەر بێت لەسەر ئەم پرسە، چونکە پێموایە لە بنەڕەتدا ئەم بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی خۆیان ڕێگاچارەیەك بدۆزنەوە، کە دەبێت ئەوەش بڵێین ئەوە بێتوانایی و شکستی ئەم کۆمەڵگەیانەیە لە گەیشتن بەو ڕێگاچارەیە، کە بۆتە هۆی دروستبوونی گرووپی توندڕەو لەنێو ئەو کۆمەڵگە موسڵمانانەدا، لە شێوەی گرووپەکانی وەك ئەلقاعیدە و داعش و بەرەی ئەلنوسرە و گرووپە جیاوازەکانی دیکە. کەواتە ئەگەر پێشبینی بکەین لە بارەی ئاینده و ئەگەری دووبارە دروستبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە کە پاڵنەر و خەونی سیاسییان هەیە، ئەوە پەیوەست و گرێدراوە بە بێتوانایی ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتانە بۆ پەرەپێدانی سیستمێکی حکومڕانی کە بتوانێت ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی جیاوازییەکان پیادە بکات. بە گوزارشتێکی دیکە هەر کاتێك ئەم کۆمەڵگە و دەوڵەتانە توانییان ئەو سیستمی حکومڕانییە بنیات بنێین، ئەوا چیتر ئەم چەشنە گرووپانە سەرهەڵنادەن کە ئامانجیان بریتی بێت لەوەی سیستمەکە بە ڕێگاچارەیەکی شۆڕشگێڕانە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕن. کەواتە ئەمە پرسیارێکی ئاڵۆزە و بە هەمان شێوە وەڵامەکەش ئاڵۆزە.

**■**

**دووبارە دروستبوونەوە و سەرهەڵدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکانەوە کە پاڵنەر و خەونی سیاسییان هەیە، ئەوە پەیوەست و گرێدراوە بە بێتوانایی ئەو کۆمەڵگە و دەوڵەتانە بۆ پەرەپێدانی سیستمێکی حکومڕانی کە بتوانێت ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ پرسی جیاوازییەکان پیادە بکات.**

*** وەك ئاشکرایە سیستمی حوکمڕانی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا ناکاران و لە ئاستی خواست و چاوەڕوانیی خەڵکەکەدا نین، بگرە زۆرێك لە دەوڵەتانی ئەم ناوچەیەش بە شکستخواردە و تەنانەت ناوچەکەش بە شکستخواردە دادەنرێت، ئایا پێتوایە ئەم ناوچەیە مەحکوومە بە نائارامی و سەقامگیرییەکی درێژخایەن؟**

- من پێموانییە بتوانین بڵێین ناوچەکە مەحکوومە بەو مانایەی کە ئیدی ئێمە دەسەڵاتمان نییە و بە شێوەیەکی حەتمی ڕەوتی ڕووداوەکان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، لەبەر ئەوەی

ئەگەر ئێمە لە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە بڕوانین ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەشێکی زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتانە خاوەن ئاستێکی بەرزی خوێندەوارین، مەبەستم ئەوەیە لێرەدا ئەرکەکە دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت کە چۆن کار بکات بۆ سوودوەرگرتن لەم خەڵکانە و لەم سەرچاوە مرۆییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بۆتەوە. واتە ڕاستە هێز و ڕێکخراوە دەرەکییەکان دەتوانن هاوکاریی ئەم وڵاتانە بکەن، بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم وڵاتانە سامانێکی گەورەی مرۆییان لەبەردەستدایە، واتە خەڵکی خوێندەوار کە دەکرێت لە چوارچێوەی هەوڵەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە بخرێنەگەڕ. کەواتە نەخێر من باوەڕم وانییە کە بە شێوەیەکی حەتمی ئەم دەوڵەتانە بۆ هەتا هەتایە بە شکستخواردوویی دەمێننەوە، لە ڕاستیدا پێش سوودوەرگرتن لەم سامان و سەرچاوە مرۆییە، دەبێت بڕیار و بژارەی سیاسی هەبێت، بۆ بەکارهێنانی ئەو توانا مرۆییە بۆ ئەو مەبەستە.

*** مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت، بریتییە لەوەی کە ئەم ناوچەیە، یان با بڵێین هەندێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و ڕکابەریی نێوان هێزە ئیقلیمی و هێزە جیهانییەکان، بۆ نموونە، بەم دواییە سەرۆک دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند: کە ئێمە هێزەکانمان بۆ چاودێریکردنی ئێران لە عێراق دەهێڵینەوە، ڕاوبۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ساڵی (٢٠٠٣)ـەوە عێراق بۆتە گۆڕەپانی ململانێ و ڕکابەری، هەروەها ئێمە دەزانین پتر لە دوو ملیۆن عێراقی ئاوارەن و لە کەمپەکاندا لە وڵاتی ئەردەن و شوێنەکانی دیکە دەژین، بە هەمان شێوە بە دەیان هەزار لە خەڵکی بێتاوانی عێراق کوژران و بوونە قوربانی، کە ئەمە یەکێك بووە لە گەورەترین تراژیدیاکانی سەدەی بیست و یەك، ئەمریکاش لەم ڕووەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ، کەواتە کارکردن بۆ باشترکردنی دۆخەکە لە عێراق بە ئامانجی ئەوەی ئاشتی باڵ بکێشێت بەسەر ئەم وڵاتەدا بە بەشێکی دانەبڕاوی ئەو هەوڵانە دادەنرێت کە دەبێت بخرێنەگەڕ، بۆ ئەوەی تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی تێدا بەدی بێت، دەبێت ئەمریکاش لەم ڕووەوە هاوکاریی عێراق بکات لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەشێکی بەرپرسیارێتی بارودۆخە خراپەکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە ئایندەی ئەم ناوچەیە دەڕوانی؟ ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆ چین کە چاوەڕوانی ئایندەی ئەم ناوچەیە دەکەن، لەم ڕووەوە ئێوە گەشبینن، یان ڕەشبینن؟**

- بە تێڕوانینی من باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ناوچەکە، یان گەلانی ناوچەکە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا هەست بە شەکەتی و ماندوویی بکەن و لە کۆتاییدا دەست لە چەك هەڵگرن و ڕێگای ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان بگرنەبەر. واتە ئەوەی لێرەدا تەمەننای دەکەین ئەوەیە کە بەلای کەمەوە هەست بە شەکەتی بکەن، بەتایبەتی کاتێك ئێمە دەبینین لە چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیەدا بارێکی ئەمنیی دژوار هەیە، وەك عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا، واتە ئومێدەکە ئەوەیە ئەم بارودۆخە خراپانە درێژە نەکێشن، بەتایبەتی ئەوەی لە لیبیادا دەگوزەرێت، هێزە ڕۆژئاواییەکانیش کاتێك هاوکاریی ڕووخاندن دەسەڵاتی قەزافی-یان کرد، پێشبینییان نەدەکرد دۆخەکە بەم ئاستە بگات، بەڵام ئێستا ئەوەتا لیبیا بۆتە هۆکاری ناسەقامگیری بۆ تەواوی ناوچەکە، بۆ نموونە ڕەنگدانەوەی خراپ و نەرێنیی دۆخی لیبیا لە وڵاتێکی وەك مالی بەدی دەکرێت، کە تەحەددییەکی دژواری بۆ ئەو وڵاتە دروست کردووە، بەتایبەتی کە وڵاتی مالی بە دەست دابەشبوونێکی ناوخۆیی گەورەوە دەناڵێنێت و فشاری زۆری لەسەر شیرازەی کۆمەڵگەکە دروست کردووە، کەواتە سیناریۆ خراپەکە بریتییە لە بەردەوامبوونی دۆخی شکستخواردوویی و باڵکێشانی نائارامی و ناسەقامگیری لە چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیەدا، چونکە ئێمە دەزانین کاتێك وڵاتێك و کۆمەڵگەیەك بەرەو لاوازی دەڕوات، ئەوا گرووپە توندڕەوەکان ڕووی تێدەکەن. بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد دەبێت وڵاتانی ئەم ناوچەیە بڕیار بدەن بۆ بەکارهێنانی سامانی مرۆیی کۆمەڵگەکەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکان، لەم ڕووەوە من هیوای ئەوە دەخوازم کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بتوانن پەرە بە سیستمێك بدەن، کە بتوانێت بە باشترین شێوە ئەو توانا و سەرچاوە مرۆییە بەکار بهێنێت.

**من باوەڕم وانییە کە بە شێوەیەکی حەتمی ئەم دەوڵەتانە بۆ هەتا هەتایە بە شکستخواردوویی دەمێننەوە، لە ڕاستیدا پێش سوودوەرگرتن لەم سامان و سەرچاوە مرۆییە، دەبێت بڕیار و بژارەی سیاسی هەبێت، بۆ بەکارهێنانی ئەو توانا مرۆییە بۆ ئەو مەبەستە**

**باشترین سیناریۆ ئەوەیە کە ناوچەکە، یان گەلانی ناوچەکە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا هەست بە شەکەتی و ماندوویی بکەن و لە کۆتاییدا دەست لە چەك هەڵگرن و ڕێگای ئاشتییانە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان بگرنەبەر. واتە ئەوەی لێرەدا تەمەننای دەکەین ئەوەیە کە بەلای کەمەوە هەست بە شەکەتی بکەن، بەتایبەتی کاتێك ئێمە دەبینین لە چەندین وڵاتی ئەم ناوچەیەدا بارێکی ئەمنیی دژوار هەیە، وەك عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا**

# بەهۆی بەقاچاخبردنی نەوت

## سەرانی حەشدی (میللی و عەشایری و تورکمانی) دژی چارەسەری کێشەی کەرکووکن

بارودۆخی ناوچەکانی سوننەنشین بەهۆی رەفتارو هەڵسوکەوتە سیاسییەکانی سوننە تا بڵێی خراپە، ئەوانە کەوتوونەتە ژێر باری هێزە سیاسییەکانی شیعەوە، چونکە سیاسەتوانانی سوننە ناوچەکانیان رادەستی سیاسەتوانانی شیعە کردووە و گوێڕایەڵییان بۆ ولایەتی فەقیە راگەیاندووە، ئەوانە دەتوانین بە پیاوانی سوننە ناوزەدیان بکەین، بۆیە لە ئەنجامی ئەو ستەم و برسێتی و پەراوێزخستنەی کە ناوچە سوننەنشینەکان تووشی هاتوون، سیناریۆکەی ساڵی ٢٠١٤ دووبارە دەبێتەوە، بەڵام ئەم جارە تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێت، واتا رێکخراوی تیرۆریستیی داعش پەلاماری پارێزگا شیعەنشینەکانیش دەدات، چونکە زۆربەی دانیشتووانی ناوچەکانی رۆژئاوای عێراق وەك راوەو عانەو حسێبە جارێکی دیکە جانتاکانیان پێچاوەتەوە، لە ترسی ئەوەی نەبادا داعش هێرشیان بۆ بێنن، جارێکی دیکەش عەرەبی سوننە و شیعە پەنا بۆ هەرێمی کوردستان دێننەوە، دیارە ئەمەش لە ئەنجامی شکستی ئیدارەدانی حوکمڕانییە لەلایەن سیاسەتوانانی سوننە و شیعەوە، چ لەسەر ئاستی پارێزگاکان، یان لەسەر ئاستی حکومەتی ناوەند لە بەغدا. قۆناخی ئێستا زۆر مەترسیدارە، وا پێویست دەکات عەشائیری سوننە واز لە تێڕوانین و لێکدانەوەی سیاسەتوانە شکستخواردووکان بهێنن، رووبکەنە نیازپاکی، کە خۆی لە کاك مسعود بارزانی دەبینێتەوە کە هێمای نیشتمانییە لە عێراق، دەست بکەن بە هاوپەیمانێتی و رێککەوتن تاکو خەڵکی ئەو ناوچانە لەو مەینەتی و ماڵوێرانییە رزگاربکەن، پێشتر نەوتەکە لەلایەن رێکخراوی داعشەوە بە قاچاخ دەبراو دواتریش نەوتی کێڵگەکانی موسڵ و عەلاس و عجیل لە کەرکووك، نەوتیش بە هاوکاریی لایەنی تورکی و ئێرانییەوە لەلایەن داعشەوە دەدزرا، دوای رزگارکردنی سەلاحەددین و نەینەوا و شەرگات و گەیارە، هاتینە نێو قۆناخی دووەمەوە لە بەتاڵانبردنی نەوت، ئەویش لەلایەن حەشدی شیعە و عەشایرییەوە، وەك قسەیەکی عەرەب کە دەڵێت: (لەجیاتی ئەوەی کلی تێ بکات، کوێری کرد) ئەوەش کارەساتە گەورەکەیە و بەم شێوەیە:

- لە کەرکووك رۆژانە نەوت لە کێڵگەکانی باباگوڕگوڕ و بای حەسەن و جەمبورو چەمچەماڵ و حەمرین و خەبباز لەلایەن حەشدی شەعبی و حەشدی عەشائیری و حەشدی تورکمانییەوە بەقاچاخ دەبرێت، ئەمەش بۆتە بەرنامەی رۆژانەو مافێکی دەستووریی ئەو حەشدانە.



**شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی**

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک

بۆ گوڵان نووسیویەتی

- لە پارێزگای سەڵاحەدین نەوت لە کێڵگەکانی عجیل و عەلاس لەلایەن حەشدی شەعبی و حەشدی عەشائیریی سەر بە پارێزگاکەوە بە تانکەر بۆ خورماتوو، لەوێشەوە بۆ ئێران بەقاچاخ دەبرێت.

- بەڵام لە پارێزگای نەینەوا لە کێڵگەکانی سەفیەو عێن زالە و گەیارەو بەتمە و نەجمە لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بە ڕێی چیای حەمرینەوە بۆ خورماتوو بە قاچاخ دەبرێت.

لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەرانی حەشدی شەعبی و حەشدی تورکمانی و حەشدی عەشایری هیچ چارەسەرێکیان بۆ کەرکووک ناوێت و پێیان خۆشە دۆخەکە دوای ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر هەروەك خۆی بمێنێتەوە، لەترسی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ کەکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکان، چونکە ئەو هێزانە ڕێگە لەو دزو چەتە و شەمشەمەکوێرانە دەگرن، کە نەوت بەقاچاخ دەبەن، بە بۆچوونی ئەوان ئەوەی کە دەیکەن ڕەوایە و مافێکی دەستوورییە، کەچی بە پێچەوانەوە لە ماددەی (١٤٠) دەڕوانن، ئەمەیە کارەساتە گەورەکە، چونکە لە عێراقدا ڕاست بۆتە چەوت و چەوتیش بۆتە ڕاست.

من پێشنیارێك بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووك و ناوچە کێشە لەسەرەکان دەکەم، کە ئەم ڕێککەوتنە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانە بگرێتەوە کە دوچاری کاولکاریی ژێرخان بوونەتەوە لەسەر هەموو ئاستێك، هەروەها چەند فەوجێکی هاوبەشی برایانە لە خەڵکی ئەو ناوچە تێکەڵنشینانە پێکبێت لەپاڵ هێزی پێشمەرگە و ئاسایش و خۆبەخشانی گەنجانی ئەو ناوچانە، بۆ سەپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیع، لەو حاڵەتەدا حکومەتە خۆجێیەکان و حکومەتی فیدڕاڵ ئەم ئەمری واقیعە قبووڵ دەکەن و هەموو هێزو پێکهاتەکانی حەشد بە هەموو ناوەکانیانەوە لەو ناوچانە دەکشێننەوە، پێشتر هەر خۆم لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی لیستی برایەتیی کەرکووك لە ساڵی (٢٠١٤) دوای ئەوەی داعش یەك لەسەر سێی ڕووبەری خاکی عێراقی داگیرکرد، پێشنیارم کرد کە سیاسەتی ئەمری واقیع بەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکاندا بەتایبەتیش کەرکووك بسەپێنین، ئەوکاتە ئەم پێشنیارەم بووە مایەی دڵتەنگی و نیگەرانیی یەکێك لە کوتلە سیاسیەکانی نێو پێکهاتەی لیستی کەرکووك، بۆیە دوای ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر ئەو دیدو بۆچوونەم بۆ دەرکەوت.



# هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچە
# هەنگاوێکی گرنگ
# بۆ بووژانەوەی بازاڕ و ئابووری



# دوای هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچە چۆن ڕووبەڕووی شوێنەوارەکانی هەڵاوسانی نرخ ببینەوە؟

**ڕژانی ئەو پارە زۆرە لە ماوەیەکی کەمدا شوێنەواری خراپیشی لەسەر هەڵکشانی نرخەکان و بەرزبوونەوەی بەهای خزمەتگوزارییەکانیش دەبێت، واتە مەترسیی کەوتنەوەی دیاردەی هەڵاوسانی نرخ و بگرە قۆرخکاریشی لێدەکرێت**

**بەم هەنگاوەی حکومەت چاوەڕوان دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوودا جووڵەی بازاڕ زیاتر بێت و خواست لەسەر کاڵاو شمەکەکان بەرز ببێتەوە**

**ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاگرتن و کۆتاییهاتنی پێدانی مووچە بە پاشەکەوت، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی جووڵەیەکی باشی تێکەوت، بە شێوەیەک کە نرخی عەقار لە ٢٠٪ لە شاری هەولێر زیادی کردووە**

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی ڕاگەیاند و فەرمانبەرانی هەرێم مووچەکانیان بێ پاشەکەوت وەرگرت، ئەم هەنگاوە گرنگییەکی گەورەی بۆ بووژانەوەی بازاڕەکانی کوردستان و ئابووری هەبوو، بەتایبەتی کە هاوکات بوو لەگەڵ باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەگەری نزیکبوونەوەی وادەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیاران لە جەژنی نەورۆز و وەرزی بەهاردا، لە هەمووشی گرنگتر متمانەی نێوان خەڵک و حکومەتی بەهێز کردو ئەم بڕیارە بووە فاکتەرێکی بەهێز بۆ باشبوونی بژێوی فەرمانبەرانی کوردستان و دروستبوونی جووڵەی گەورە لەناو بازاڕەکانی کوردستاندا، وا چاوەڕوانیش دەکرێت، لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ڕۆژدا بڕی یەك ملیار دۆلار بخرێتە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە، ئەمەش دوای خەرجکردنی ٨٨١ ملیار دینار بۆ مووچەی فەرمانبەران و ١٠٠ ملیار دیناری بەڵێندەران و ١٢٠ ملیاری دیناری دیکە بۆ خەرجیی وەزارەتەکان، کە کۆی ئەم پارانە بووژانەوەیەکی باش بە بازاڕ و ئابووری دەگەیەنێت و کاروکاسبی و جووڵەی بازاڕی لێ دەکەوێتەوە و سەرەتایەکیش دەبێت بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی، بەڵام ڕژانی ئەو پارە زۆرە لە ماوەیەکی کەمدا شوێنەواری خراپیشی لەسەر هەڵکشانی نرخەکان و بەرزبوونەوەی بەهای خزمەتگوزارییەکانیش دەبێت، واتە مەترسیی کەوتنەوەی دیاردەی هەڵاوسانی نرخ و بگرە قۆرخکاریشی لێدەکرێت، دابەشکردنی مووچە بەبێ پاشەکەوت لەناو خەڵکیدا دەنگۆیەکی باشی لێکەوتۆتەوە و خەڵکی بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی بە ئومێدەوە دەڕواننە باشبوونی بارودۆخەکە و کۆتایی بە هەموو ئەو ئەگەر و هەوڵانە هێنا کە ناحەزانی گەلەکەمان وێنەیان لەسەر کردبوو، بەوەی بەردەوامبوونی قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی لەناوچوونی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان.

لەم ڕاپۆرتەدا جەخت لەسەر ڕاوبۆچوونی کاسبکاران و پیشەوەران لە بازاڕی هەولێر دەکەینەوە و تێڕوانینی ئابووریناسان و شارەزایانیش دەخەینەڕوو، بەتایبەتی لەمەڕ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لە ئاراستەکردنی بازاڕو بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی نرخ هەڵاوسان کە ئەگەر بێت و سنوورێکی بۆ دانەنرێت، زیانی گەورەی بۆ مووچەخۆران و هاووڵاتیان بەگشتی دەبێت.

## کاسبکاران و پیشەوەران بە گرنگییەوە دەڕواننە لابردنی پاشەکەوتی مووچە

سەبارەت بە گرنگیی هەنگاوی حکومەت بۆ هەڵوەشانەوەی پاشکەوتی مووچە لەناو بازاڕی گەورەی هەولێردا، وەکو گۆڤاری گوڵان ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك لە کاسبکاران و پیشەوەرانمان وەرگرت.

(زەکی حەمەد ئەمین) خاوەنی مۆڵێکی جلوبەرگی پیاوانە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچە کاریگەریی باشی لەسەر جموجوڵی بازاڕ هەبووە، بەتایبەتی پێش ئەم بڕیارە بەتەواوەتی بازاڕ لاواز بووە.» گوتیشی: «بەم هەنگاوەی حکومەت چاوەڕوان دەکرێت لە مانگەکانی داهاتوودا جووڵەی بازاڕ زیاتر بێت و خواست لەسەر کاڵاو شمەکەکان بەرز ببێتەوە.

هاوڵاتی (سالار ئەحمەد) خاوەنی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرەیەو یەکێکە لەو هەزاران هاووڵاتییەی کە بڕیاری نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە بەرز دەنرخێنن و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕاگرتن و کۆتاییهاتنی پێدانی مووچە بە پاشەکەوت، بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی جووڵەیەکی باشی تێکەوت، بە شێوەیەك کە نرخی عەقار لە ٢٠٪ لە شاری هەولێر زیادی کردووەو خەڵکێکی زۆر هاتوونەتە بازاڕەکە بۆ کڕینی زەوی و خانووبەرە، خەڵکیش دڵخۆشن بە دۆخەکە و ئومێدێکی زۆریان لە سەر کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم هەڵچنیوە.»

(حاجی قادر بەقاڵ)، لە بازاڕی شێخەڵای هەولێر دوکانی سەوزە و میوەی هەیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «چەندین ساڵە بازاڕەکانی کوردستان بە هۆی خراپیی باروگوزەرانی مووچەخۆران و خەڵکییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر لاواز بووە، ئێستا بە نەمانی پاشەکەوتی مووچە ئومێدێکی زۆر هەیە، بەوەی بازاڕەکان ببووژێنەوە و کۆتایی بەو قەیرانە بهێنرێت کە زیاتر لە چوار ساڵە دوچاری هەرێمی کوردستان بووە.»

هەر لەو بازاڕەدا مریشکفرۆشێك ئاشکرای دەکات کە «نرخی یەك کیلۆ مریشك لە ٧٥٠ دینارەوە بۆ دوو هەزار دینار زیادی کردووە.» هاوکات دەڵێت: «نرخی کەلوپەلەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بەرز بوونەتەوە، بۆ نموونە، نرخی یەك کیلۆ تەماتە لە هەزار دینارەوە بۆ یەك هەزار و ٥٠٠ دینار بەرز بۆتەوە.»

(زوهیر جاسم محەمەد) خاوەنی دووکانێکی

زێڕینگەرییە لە ناو بازاڕی زێڕینگەرانی هەولێر و سەبارەت بە گرنگیی بڕیارەکەی حکومەت بۆ نەهێشتنی پاشەکەوتی مووچە و کاریگەرییەکانی ئەو بڕیارە دەڵێت: «هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر زیادبوونی جووڵەی بازاڕ دروستکردووە، نەمانی پاشەکەوتی مووچەش متمانەی لەنێوان کڕیار و فرۆشیاردا دروست کردووە، بۆ نموونە، پێشتر ئەگەر کڕیارێك پارەکەی چەند سەد هەزارێك کەم بووایە، ئەگەر بە نەقد نەبوایە زێڕی پێ نەدەدرا، ئێستا ئاساییە ئەگەر بەقیست و قەرزیش زێڕ بفرۆشرێت، داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوێکیش بە مووچەی ئەو خانەنشینانەدا بخشێنێتەوە کە مووچەکانیان لە خواروی ٤٠٠ هەزار دینارەوەیە.»

هەر سەبارەت بە زیادبوونی نرخەکان زێڕینگەرێکی دیکە بە ناوی (عەدنان عەبدولقادر) لە ئاخافتنێکیدا بۆ گوڵان گوتی: «بڕیارەکەی حکومەت جموجووڵی بازاڕی بە رێژەی ١٠-٢٠٪ی زیاد کردووە، پێشبینی زیادبوونی جموجووڵی بازاڕیش دەکەین لە یەك دوو مانگی داهاتوودا، بەتایبەتی ئەگەر بێت و ئەم بڕیارە بەردەوام بێت، هەر بۆیە دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی، بە راستی بڕیارەکەی حکومەت لەکاتی خۆیدا بووە، ئەم بڕیارە جەژنی نەورۆز و بەهارەکەمان دەکاتە دوو بەهار و خەڵکی بە تەواوی دڵخۆش کردووە.»

حاجی تەڵعەت جاسم، دووکانی کوتاڵفرۆشی لە بازاڕی قەیسەری هەولێر هەیە و ئەویش جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گرنگیی ئەم بڕیارەی حکومەت لەوەدایە کە جارێکی دی متمانەی خەڵك بە حکومەت دەگەڕێنێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر حکومەت بتوانێت مووچەی خانەنشینیش چاك بکات و کۆمەڵێك چاکسازی لە بواری دارایی و ئابووریدا بکات و ئەو سێ مووچەیەش لە بەغداوە بێت کە مووچەخۆران وەریان نەگرتووە.» گوتیشی: « بێگومان بازاڕەکانی کوردستان زۆر روو لە گەشەکردن دەکەن.»

شەماڵ ئەکرەم کاری دەلاکی دەکات و خاوەنی سەرتاشخانەیەکە و رایوایە: «بڕیاری لابردنی پاشەکەوتی مووچە تەنیا بڕیارێك نییە بۆ بەرژەوەندیی مووچەخۆران، بەڵکو ئەم بڕیارە کاریگەریی باشی لەسەر کاسبکاران و پیشەوەرانیش دەبێت.» گوتیشی: «ئێستا بە ئومێدەوە دەڕوانینە باشبوونی دۆخەکە و کۆتاییهاتنی ئەو قەیران و بێ بازاڕییەی دوچاری هاووڵاتییان و کاسبکاران بووە.»

سەبارەت بە باشبوونی دۆخی ئابووری و کاریگەریی پێدانی مووچە بەبێ پاشەکەوت لەسەر دۆخی ناوخۆی بازاڕەکانی کوردستان و وەبەرهێنەرەکان، راوبۆچوونی چەند شارەزایەکی ئابووری و نوێنەری ئابووریناسان لە سلێمانی و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانمان وەرگرت کە لە دووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە .

پرۆفیسۆر د. محەمەد شەعبان، لە زانکۆی دهۆك، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئاماژە بەوە دەکات کە «زیادبوونی داهاتەکانی تاکەکەسی بە نزیکەی رێژەی لە ٢٠٪ کاریگەریی لەسەر هەڵکشانی خواست و رێگەگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان و پەیوەندیی بە تواناو مرونەتی بازاڕەوە هەیە.»

ئەو ئابووریناسە رایوایە: «هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچە و بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەسی بە شێوەیەکی گشتی لای هاووڵاتیانی دەرامەت سنووردار و مووچەخۆران بەتایبەتی، کاریگەریی لەسەر بەهاو نرخەکانی ناو بازاڕ دەبێت، چونکە زیادبوونی داهاتەکانی تاکەکەسی بە نزیکەی رێژەی لە ٢٠٪ هۆکارێکی راستەوخۆی هەڵکشانی خواستە لە بازاڕەکانی کوردستاندا، بەپێچەوانەشەوە راگرتنی باڵانسی بەها و نرخەکان و رێگەگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان، پەیوەندی بە تواناو نەرمیی بازاڕەکەوە هەیە، کە تاچەند بازاڕەکانی کوردستان توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ ئەو بڕە پارە نەختینە گەورەیەی کە لەماوەیەکی کەمدا و کتوپڕ دەرژێتە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە.»

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەو هێزە گەورەیەی خواستی کڕین بۆ کوێ دەڕوات؟ ئایا بە شێوەیەکی ئابوورییانە لە بازنەیەکدا لەناو هەرێمەکەدا دەسووڕێتەوە، یان بەپێچەوانەوە بۆ بازاڕەکانی وڵاتانی دەوروبەرو بیانی دەڕوات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بخزێینە ناو خوێندنەوەی ئابوورییانەی کوردستانەوە، کە ئایا ئێمە خاوەنی ئابوورییەکی بەرهەمهێنین و سەبەتەی خۆراکی پێداویستییەکانمان تاچەند خۆماڵین و چەندی لە نێوخۆی هەرێمدا بەرهەم دەهێنرێن؟ بەداخەوە زۆربەی هەرە زۆری کاڵا و شمەکەکانی ناو بازاڕەکانی کوردستان بە رێژەی (٨٠-٨٥٪)

**بە نەمانی پاشەکەوتی مووچە ئومێدێکی زۆر هەیە، بەوەی بازاڕەکان ببووژێنەوە و کۆتایی بەو قەیرانە بهێنرێت کە زیاتر لە چوار ساڵە دوچاری هەرێمی کوردستان بووە**

**داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوێکیش بە مووچەی ئەو خانەنشینانەدا بخشێنێتەوە کە مووچەکانیان لە خواروی ٤٠٠ هەزار دینارەوەیە**

**راگرتنی باڵانسی بەها و نرخەکان و رێگەگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان، پەیوەندی بە تواناو نەرمیی بازاڕەکەوە هەیە، کە تاچەند بازاڕەکانی کوردستان توانای خۆگونجاندنیان هەیە لەگەڵ ئەو بڕە پارە نەختینە گەورەیەی کە لەماوەیەکی کەمدا و کتوپڕ دەرژێتە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە**

**بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوت کاریگەری لەسەر گەڕاندنەوەی متمانەی وەبەرهێنەران و بیزنسکاران بە دوارۆژی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە**

**پێویستە مووچەخۆران و هاووڵاتییانیش هانبدرێن بۆ دانانی پارە لە بانکەکاندا و متمانەی نێوان هاووڵاتی و بانک لە لایەک و حکومەت و کەرتی تایبەت لە لایەکی دیکەوە بگەڕێتەوە**

**ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کرد، نەبوونی هەماهەنگی و یەکگرتوویی حزبە بەشداربووەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە لەبری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە، لە حکومەت کشانەوە و ئەو ئەرکە قورسەیان خستەسەر شانی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەرهەمی بیانین و لە بازاڕەکانی وڵاتانی دراوسێوە دەڕژێنە ناو بازاڕەکانی کوردستانەوە، واتە هەرچی کەلوپەل و شمەك و خواردەمەنی و جلوبەرگ و پێداویستی و کەرەستەی بیناسازی تا ئۆتۆمبێل و سووتەمەنیش کاڵاو شمەکی دیکەش بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز بەرهەمی بیانین و لە بازاڕەکانی ئێران و تورکیاوە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان، دەرئەنجامیش هەرچی زیادەی نەختینەیی هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچەوە، یان بۆ خەرجیی وەزارەت و پێدانەوەی پارەی بەڵێندەرانەوە هەیە، لەو ماوە کەمە دەیخاتە ناو بازاڕەوە، هەرهەمووی دوای ئەوەی بە پارەی دۆلاری ئەمریکی ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت، دەبردرێتە بازاڕەکانی تورکیا و ئێران، واتا لە ئابوورییەکی بێ بەرهەم تەنیا بازاڕەکانی تورکیا و ئێران سوودمەندی سەرەکی هەڵکشانی خواستی هاووڵاتیانی کوردستان و گرانبوونی نرخەکانن. لەبارەی چۆنیەتی ڕێگرتن لە هەڵکشانی نرخەکان، د. محەمەد شەعبان ڕایگەیاند: «دوای بڕیاری هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ پاڵپشتی توانای کڕین و ڕاگرتنی باڵانسی خواست و خستنەڕوو چەند بڕیار و هەنگاوێکی گرنگ بگرێتەبەر، بۆ نموونە پاڵپشتی سوودی حیساباتی هاووڵاتیان لە بانکەکاندا بە ڕێژەی ١٠-٢٥٪ بکات، کە هاووڵاتیانیش لەو ڕێگایەوە دەتوانن قەرزەکانی حکومەت بدەنەوە، هەر لە قەرزەکانی کارەبا و ئاو و.. هتد، بەمەش قەرزەکانی حکومەت کەم دەبێتەوە و فشار و پاڵەپەستۆ لەسەر هاووڵاتییان کەم دەبێتەوە و دەزانن چۆن پلان بۆ بەکاربردن لە داهاتوودا دابنێن.»

ئەحمەد ڕێکانی سەرۆکی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان، هیما بۆ ئەوە دەکات، «بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوت کاریگەری لەسەر گەڕاندنەوەی متمانەی وەبەرهێنەران و بیزنسکاران بە دوارۆژی ئابووری لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، هەر سەبارەت بەم پرسە تایبەت بۆ گولان گوتی: «هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچە و پێدانی بەشێك لە قەرزی بەڵێندەران، بڕیارێکی گرنگی حکومەت بوو، بەتایبەتی لەم سات و کاتەدا کە لە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیك دەبینەوە، چونکە ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و بژێوی هاووڵاتییانی کوردستانەوە هەیە، لەسەرجەم چین و توێژەکان، هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر گەڕاندنەوەی متمانەی وەبەرهێنەران و بیزنسکاران بە دوارۆژی ئابووری لە هەرێمدا، ئەمەش هەمووی دەرئەنجامی هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، بەتایبەتی دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا و شکاندنی بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و واڵابوونی دەروازەی گفتوگۆ و دانوستانەکان، کە دەرگای لەبەردەم لێکتێگەیشتنەکاندا واڵا کردو پشکی هەرێمی کوردستان و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی لە بودجەی گشتی عێراقدا جێگیر کرد. بەمشێوەیە پشکی هەرێم لە بودجە و لێکتێگەیشتنەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها ئەم بڕیارەی هەڵوەشانەوەی پاشکەوتی مووچە و دانەوەی بەشێك لە قەرزی بەڵێندەران ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەچارەسەرکردنی زۆر کێشەو جوڵەی بازاڕ و بووژانەوەی ئابووریشەوە هەیە، بۆ نموونە، بە سەدان پرۆژەی جۆراوجۆر لە هەرێمی کوردستاندا بە هۆی خراپیی باروگوزەرانی خەڵکییەوە ڕاوەستاوە، وەکو لە پرۆژەکانی یەکەی نیشتەجێبوون دیارە، ئێستاکە بەباشبوونی داهاتی خەڵکی دووبارە ئەو کەرتانە دەبووژێنەوە و مووچەخۆران و هاووڵاتییان دەتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە و بەڵێندەران و وەبەرهێنەرانیش دەست بە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان بکەنەوە، بە بووژانەوەی کەرتەکانی ئاوەدانکردنەوەش هەلی کار و جووڵەیەکی باش دەخاتە ناو بازاڕی بەڵێندەرایەتی، ئەمڕۆ بازاڕەکانی کوردستان و کەرتە جۆراوجۆرەکانی ئابووری وەکو زنجیرەیەك پەیوەستە بە یەکترەوە و کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنیان لەسەر یەکتر هەیە.»

سەبارەت بەگرنگیی هەنگاوەکانی داهاتووی حکومەت لەمەڕ ڕێکخستنەوە و چاکسازی لەبواری ئابووریدا، سەرۆکی وەبەرهێنەرانی کوردستان گوتی: «قەیرانی چوار ساڵەی ئابووری بێ متمانەیی دروست کردووە، گەڕانەوەی ئەو متمانەیەش کات و بڕیاری گرنگی دەوێت، سەرەتای هەنگاوەکەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست پێدەکات، کە سەرەتا دەبێت چاوخشاندنەوە بە یاسا و ڕێنماییەکانیدا بکات، بەتایبەتی یاسای وەبەرهێنان، بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێم و ئەو ڕوئیا و تێڕوانینانەی کە ئێمە بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە و بووژانەوەی ئابوورییەکەی هەمانە، واتە دەبێت ئیمتیازات و هاوکاری و کارئاسانیی زۆر پێشکەش بکەن، تاوەکو وەبەرهێنەری بیانی ڕوو لەم بازاڕە بکەنەوە، ئێمە تەنیا مەبەستمان لەو وەبەرهێنەرانە نییە کە تەنیا گرنگی بە کەرتی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی دەدەن،

بەڵکو زیاتر مەبەستمانە گرنگی و کارئاسانی بۆ ئەو وەبەرهێنەرانە بکەین کە کەرتی بەرهەمداریمان پێش دەخەن و کۆمەڵگاکە بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن ئاراستە دەکەن، ئەمەش تەنیا بە حکومەت جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو کاری حکومەت لە سەر راگرتنی ئارامی و بونیادنانی ژێرخان و دروستکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ئابووری رادەوەستێت و دواتر رۆڵی کەرتی تایبەت دێت.»

سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان (نەوزاد شێخ کامیل)، بە پێویستی دەزانێت: «مووچەخۆران و هاووڵاتییانیش هانبدرێن بۆ دانانی پارە لە بانکەکاندا و متمانەی نێوان هاووڵاتی و بانك لە لایەك و حکومەت و کەرتی تایبەت لە لایەکی دیکەوە بگەڕێتەوە، سەبارەت بە دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان و هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچەش گوتی: «بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی بڕیاری هەڵگرتنی پاشەکەوت و چۆنیەتی هەڵسوکەتی داهاتووی حکومەت لەمەڕ دۆخی ئابووری، ناکرێت باسێکی ئەو هۆکارانە نەکەین کە بووە هۆی رووداني قەیرانی دارایی و بڕیاری دەرکردنی پاشەکەوتی مووچە، چونکە بەبێ خوێندنەوەمان بۆ هۆکارەکان، ناکرێت باسی شوێنەوار و چارەسەرەکانەکانیش بکەین، لای هەمووان ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠١٤ بەهۆی بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەغدا و دواتر بەهۆی شەڕی داعش و هاتنی بەلێشاوی یەك ملیۆن و ٧٠٠ هەزار ئاوارە و پەناهەندە و داشکانی بەهای نرخ زەبرێکی کوشندە بەر حکومەت و ئابووریی هەرێمی کوردستان کەوت، ئەوەی دۆخەکەی خراپتر کرد، نەبوونی هەماهەنگی و یەکگرتوویی حزبە بەشداربووەکانی ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە لەبری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ رووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکە، لە حکومەت کشانەوە و ئەو ئەرکە قورسەیان خستەسەر شانی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمشێوەیە قەیران رووی دا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناچاری پەنای بۆ قەرز و پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتی برد، ئەمڕۆ کە بە هەوڵی رێزدار سەرۆك بارزانی و رێزدار سەرۆکی حکومەت و هەموو دڵسۆزانی دیکەی گەلەکەمان لەناوخۆی هەرێم و دەرەوە توانرا جارێکی دی دوای دابڕانێکی زۆر بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق جێگیر بکرێت و مووچەی مووچەخۆران خرایە دەرەوەی ململانێ سیاسییەکانەوە.»، هێمای بۆ ئەوەش کرد کە «سەرۆکی حکومەتی هەرێم بڕیاری هەڵوەشانەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی داوە و لە رووی کرداریشەوە لەم مانگەوە بڕیارەکە جێبەجێ کرا.»

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە پێویستە بۆ داهاتوو چۆن هەڵسوکەوت بکەین؟ سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان دەڵێت: «پێش هەموو شتێك ئەو پەند و عیبرەتەی لە قەیرانەکە وەرمانگرت، ئەوە بوو کە دەبێت بەردەوام خۆمان بۆ هەموو ئەگەرەکانی کەوتنەوەی قەیران ئامادە بکەین و هەموو سەرچاوەی داهاتەکانمان نەخەینە ناو یەك سەبەتەوە، هەر بۆیە زۆر گرنگە حکومەت لە چوار ساڵی داهاتوودا پلان و بەرنامەی بۆ رێکخستنەوەی سێکتەرە ئابوورییەکان هەبێت، باڵانسی خەرجی و داهاتەکانی رابگرێت و سیستەمی بانکی دابمەزرێنێت، ئەو سیستەمەی کە لە رێگەی بانکەکانەوە وەبەرهێن و بەڵێندەر بتوانن قەرز وەربگرن و کارەکانیانی پێ ئەنجام بدەن، هاوکات مووچەخۆران و هاووڵاتییانیش هان بدرێن بۆ دانانی پارە لە بانکەکاندا و متمانەی نێوان هاووڵاتی و بانك لە لایەك و حکومەت و کەرتی تایبەت لە لایەکی دیکەوە بگەڕێتەوە.» گوتیشی: «ئەمڕۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵگرتنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی راگەیاند، بەڵام پێویستە خێرا ئابووری و بوارە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری بە جۆرێك وەرچەرخێنین، کە تاکی کورد بکاتە تاکێکی بەرهەمهێن، ئەو کەرتانەی کە بەرهەمهێن و بەدەستهێنی هەلی کارە، چونکە تەنیا بە ئابووریی سەربەخۆ دەتوانرێت ئاسایشی ئابووری بپارێزیت و رووبەڕووی هەموو گەمارۆ و جەنگێکی ئابووری ببینەوە، هەڵبەتە مەبەستمان لە ئابووریی ناوخۆ تەنیا ئەوە نییە کە ئێمە پشت لە بەغدا بکەین، بەڵکو ئابوورییەکەمان بکەینە ئابوورییەکی بەرهەمهێن، لەمەش گرنگتر نابێت چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوتی خاو ببەستین، بەتایبەتی کە وڵاتی عێراق و دراوسێکانمان ئابووری و نەوت و دارایی وەکو چەکێك لە دژی گەلی کوردستان بەکاردەهێنن، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت عێراق وەکو دەوڵەتێکی هاوچەرخ مامەڵە بکات و بەڵێن و قسەکانی لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکات.

**پێویستە خێرا ئابووری و بوارە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری بە جۆرێك وەرچەرخێنین، کە تاکی کورد بکاتە تاکێکی بەرهەمهێن**

**تەنیا بە ئابووریی سەربەخۆ دەتوانرێت ئاسایشی ئابووری بپارێزیت و رووبەڕووی هەموو گەمارۆ و جەنگێکی ئابووری ببینەوە**

**نابێت چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوتی خاو ببەستین، بەتایبەتی کە وڵاتی عێراق و دراوسێکانمان ئابووری و نەوت و دارایی وەکو چەکێك لە دژی گەلی کوردستان بەکاردەهێنن، چونکە هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت عێراق وەکو دەوڵەتێکی هاوچەرخ مامەڵە بکات و بەڵێن و قسەکانی لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ بکات**

# کورد و دامەزراوەی ئایینی

ئایینی ئیسلام وەك كۆتائایینی خودا بۆ سەر دوورگەی لە رێگەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) لە جەزیرەی عەرەبییەوە بۆ هەموو جیهان بووە، کە پەیامی خودا کورت کرایەوە لە قورئانی پیرۆز، کوردیش وەکو نەتەوەیەك پەیوەندی بەو ئایینەوە هەر لە سەرەتای بانگەوازی ئەو پەیامە لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب، زۆرینەی کوردەکان لە رێگەی ئاشتی و سوڵحەوە بوونە موسڵمان کە زۆربەی گەلەکانی تر لە رێگەی چەك و شەڕەوە بوونە موسڵمان، لەوانە: فارس، ئەو کات تورکیا هەر نەبوو لەو ناوچەیە.

کورد بە درێژایی مێژووی موسڵمانبوونی پابەند بووە بە فەرمانەکانی ئایین و جوانیەکانی ئایین، زۆرێك لە مێژوونووسان باسی دڵسۆزی و لێهاتوویی کوردی موسڵمان دەکەن، کە دەیانتوانی وەکو زۆرێك لە نەتەوەکانی دیکە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، بەتایبەت کاتێك سەلاحەدینی ئەیوبی دەستی بەسەر میسر و شامدا گرت، بەڵام لەبەر ئیخلاسی و دڵسۆزیی کورد بۆ ئایین و خەلافەتی ئیسلامی وای نەکرد، بەڵکو حکومەتی دایەوە دەست خەلیفەی عەبباسی لە بەغدا.

کورد لە رووی کۆمەڵایەتی رۆڵی گەورەی پیشانداوە بە گەلانی دیکەی موسڵمان و توانیویەتی ببێتە هەوێنی ئاشتی و پێکەوەژیان لە ناوچەکە، کورد لە وڵاتی خۆی -ئەوەی هەیبوو- تاکو ئێستا هیچ پێشلکارییەکی ئەنجام نەداوە دژی نەتەوە و ئایینەکانی دیکە، بە پێچەوانەوە هەموو گەل و ئایین و ئایینزاکان حەساونەتەوە لەژێر دەسەڵاتی کوردی، ئەوەی ئێستاش لە باشووری کوردستان دەبینرێت باشترین بەڵگەیە، کە دەبینین شیعە و سوننە (هەردووکیان عەرەبن وەکو نەتەوە، بەڵام مەزهەبیان جیاوازە) لە عێراق پێکەوە هەڵناکەن و دێنە کوردستان لە یەك گەڕەك دادەنیش وەك برا. لە رووی زانستیشەوە وەك عەرەب دەڵێن: (حدث ولا حرج)، کورد چەندین زانای گەورەی هەبووە و ئێستاش هەیەتی لە هەموو بوارەکانی زانستدا، لەوانە: (ئیبن سەلاحی شارەزووری) لە زانستی حەدیسی پێغەمبەر (د.خ) (ئەحمەد شەوقی) لە شیعری عەرەبی و ئیسلامی (عەبدولباسیتی قورئان خوێن) (مەعروفی رەسافی لە تەسەوف و عیرفان) و.. هەتا دوایی.

ئێستا کە هیچ وڵاتێکی موسڵمان ئامادە نییە مافی کورد بدات، هەتا ببێت بە خاوەن دەوڵەت، یان سەربەخۆییەك بەدەست بهێنێت، بەپێچەوانەوە

**زۆرێک لە مێژوونووسان باسی دڵسۆزی و لێهاتوویی کوردی موسڵمان دەکەن، کە دەیانتوانی وەکو زۆرێک لە نەتەوەکانی دیکە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن، بەتایبەت کاتێک سەڵاحەدینی ئەیوبی دەستی بەسەر میسر و شامدا گرت، بەڵام لەبەر ئیخلاسی و دڵسۆزیی کورد بۆ ئایین و خەڵافەتی ئیسلامی وای نەکرد، بەڵکو حکومەتی دایەوە دەست خەڵیفەی عەبباسی لە بەغدا**



**دکتۆر مەولوود خزر**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

زۆر بە توندی دژایەتیی ئەو مافە رەوایە دەکەن، کاتی ئەوە هاتووە وەك کورد خەمێك لە خۆمان بخۆین و خۆمان لە رووی ئایینییەوە چارەسەری دۆخمان بکەین، ئەویش بەم رێکارانەی کە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هاتوون.

### ● خاڵی یەکەم:
### دروستکردنی زانکۆیەکی هاوچەرخ

پێویستمان بە زانکۆیەکی ئایینیی هەمەجۆر هەیە، فەلسەفەی ئایین و رەوشت و هونەر و جوانییەکانی ژیانی تێدا بخوێندرێت، باسی ئیلاهیات و هەموو ئەو بابەتە فکرییانە بکرێت، کە بۆ بەرەوپێشبردنی تاکی کورد و کۆمەڵگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەسوودن. بۆ ئەم بیرۆکەیەش سەیری مێژوو بکەن، دەبینن هەر فیکر و بیرورایەك، یان هەر دەوڵەتێك بیەوێت پێگەی خۆی بسەلمێنێت، دەستیان بردووە بۆ دروستکردنی زانکۆیەك، یان شوێنێك کە ببێتە جێگای پشت و پەنای خەڵکی، لەوانە زانکۆی ئەزهەر لە میسردا، ئەم زانکۆیە لەسەر دەستی (جەوهەر سەقلی) فاتمی بە فەرمانی (موعیزوددین)ی شیعەی ئیسماعیلی لە ساڵی (٩٧٠) زایینی دروستکرا، بۆ ئەوەی فیکرو بیرورای شیعەکان لە دەوڵەتێکی تازە لە میسردا پەرەبسێنێت، ئەوەش سەری گرت، هەتاکو سەلاحەدینی ئەیوبی دەستی بەسەردا گرت لە ساڵی (١١٣٧) زایینی ناوەکەشی گۆڕی و کردیە (ئەزهەر) کە پێشتر (زەهرا) بووە.

بۆ ئەوەی بیروڕاکان بچەسپێت، (٣٧) لە زاناکانیان تەعین کردووە بە مووچە و خانووی نزیك لە زانکۆکە و شەو و رۆژ وانەی تێدا خوێندراوە بە مەڵبەندی رۆشنبیری و فیکر و بیرکردنەوەی نوێ، بۆیە تاکو ئێستاش خەڵکی میسر رۆشنفکرترن و شارەزاترن لە وڵاتانی دیکەی عەرەبی، خەریجی ئەم زانکۆیە پێیان دەڵێن (علماء الأزهر) واتە (زاناکانی ئەزهەر). هەروەها زانکۆی زەیتوونە لە وڵاتی تونس بۆ پەرەپێدانی فیکر و بیروڕای مەزهەبی (مالیکی) و چەسپاندنی دەوڵەتی تونس و رۆڵی لە وڵاتانی ئەفریقیا لە ساڵی (٦٩٨)ی زایینی بە فەرمانی حەسسانی کوڕی نوعمان ئەم زانکۆیە دروست کرا. دەرچووانی ئەم زانکۆیە پێیان دەگوترێت: (مشیخە الجامع الاکبر) واتا: زاناکانی مزگەوتی گەورە. ئێستاش سعودیە زانکۆی ئاسل سعودی هەیە بۆ پەرەپێدانی فیکری سەلەفی و بیروڕای عەبدولوەهابی کوڕی موحەممەد، کە توانیویەتی زۆرێك لە وڵاتانی ئیسلامی و رۆژئاوای ئەفریقیا

**فیقهی هاوچەرخ پێویستە پەل باوێژێت بۆ بەرجەستەکردنی بابەتە تیۆرییەکان بەرەو پراکتیکی، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێستای مرۆڤایەتی پێگەیشتوون، لەوانە: بەخشینی ئەندامانی هەموو جەستە لە جیاتی بنخۆڵکردنی، دروستکردنی بانکی تۆی پیاو و هێلکۆکەی ئافرەت پاش مردن، بۆ ئەوەی بچێندرێت**

له رووی فیکرییەوە بخاتە ژێر ركێفی خۆی، ئێستا بە تەمویلی ئال سعوود چەندین چەكدار شەڕی بۆ دەكەن لە یەمەن و سووریا و عێراق، كاتێ بیەوێ فیكری توندڕەوی لە ئەورووپا جووڵەی پێ دەكات.

پێویستە زانكۆكە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت.

١. فیقهی هاوچەرخ: پەل باوێژێت بۆ بەرجەستەكردنی بابەتە تیۆرییەكان بەرەو پراكتیكی، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێستای مرۆڤایەتی پێگەیشتوون، لەوانە: بەخشینی ئەندامانی هەموو جەستە لە جیاتی بنخۆڵكردنی، دروستكردنی بانكی تۆی پیاو و هێلكۆكەی ئافرەت پاش مردن، بۆ ئەوەی بچێندرێت، خۆ گەنجكردنەوە بەشێوەی گشتی، هەروەها بە وردی تیۆری هەبێت لەسەر دروستكردنی مەی و شوێنی رابواردن، هەتا دەگات بە موڵكی گشتی و بەدەستهێنانی مافی بە دەوڵەتبوون، هەموو ئەو بابەتە هەستیارانەی هاوچەرخ تاوتوێ بكات.

٢. پێكەوە ژیان: زانكۆكە گرنگی بدات بە پێكەوەژیانی ئایینی، كۆلێژی بۆ دروست بكات، چەندین فیستڤاڵ و كار و چالاكی ئەنجام بدات بۆ قوڵبوونەوەی پێكەوەژیان، هەوڵی ئەوە بدات (مەككە) بە پایتەختی ئایینی ئیسلام بزانێ و فاتیكان بە پایتەختی مەسیحی بزانی و قودس بكاتە پایتەختی هەر سێ ئایینی (جووەكان و مەسیحییەكان و ئیسلامییەكان) و رۆژی تایبەت بە هەر ئایینێك بۆ ئەو ئایینە یەكلا ببێتەوە.

**زانكۆكە گرنگی بدات بە پێكەوەژیانی ئایینی، كۆلێژی بۆ دروست بكات، چەندین فیستڤاڵ و كار و چالاكی ئەنجام بدات بۆ قوڵبوونەوەی پێكەوەژیان، هەوڵی ئەوە بدات (مەككە) بە پایتەختی ئایینی ئیسلام بزانێ و فاتیكان بە پایتەختی مەسیحی بزانی و قودس بكاتە پایتەختی هەر سێ ئایینی (جووەكان و مەسیحییەكان و ئیسلامییەكان) و رۆژی تایبەت بە هەر ئایینێك بۆ ئەو ئایینە یەكلا ببێتەوە**

٣. فەلسەفەی رۆحانی و عیرفانی و ئیلاهیات و غەیبییات: ببێتە بەشێكی سەرەكی لەو زانكۆیە، گرنگیی زۆر بەوە بدات ئەو شتانەی (غەیبن) نادیارن و كەس نایزانێ لە ئایینەكان كە باس كراون، زانكۆ دەبێت لێكۆڵینەوەیتن لەسەر بكات، كە ئێستا بەشێكی زۆری پراكتیك كراوە لە ژیانی مرۆڤایەتی.

٤. زانستە شەرعییەكان: هەموو ئەو زانستە شەرعییانەی بەدەستی مرۆڤەكان دانراون بۆ ئەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆیانی پێ بروێنن و بەو زانستانە باشتر لە ئایینەكەیان گەیشتوون، ئێستا زۆرێك لەو زانستانە كاری پێ ناكرێت و پێویستمان پێی نییە، بەڵكو پێویستمان بە زانستی دیكەیە لە جیهانی هاوچەرخ.

**هەموو ئەو زانستە شەرعییانەی بەدەستی مرۆڤەكان دانراون بۆ ئەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆیانی پێ بروێنن و بەو زانستانە باشتر لە ئایینەكەیان گەیشتوون، ئێستا زۆرێك لەو زانستانە كاریان پێ ناكرێت و پێویستمان پێی نییە، بەڵكو پێویستمان بە زانستی دیكەیە لە جیهانی هاوچەرخ**



**• خاڵی دووەم:**

### دروستكردنی بەڕێوەبەرایەتییەك بۆ كۆكردنەوەی توراسی ئایینی ئیسلامیی كوردی

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە كار لەسەر ئەوە بكات هەموو ئەو توراس و كتێب و دۆكیۆمێنتكارییانە كۆبكاتەوە و لە مۆزەخانەیەكی گەورە و شایستە دایانبنێت و توێژینەوەیان لەسەر بكات، هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتییە كاری (تیۆری و پراكتیكی) لەخۆ بگرێت و بەسەر سێ یەكە دابەش بكرێت.

١. یەكەی تیۆری: كار لەسەر توێژینەوە و وتار و سیمینار و ورك شۆپ و هەموو ئەو تیۆر و فیكرە تازانە بكات كە ئێستا هەن لە جیهاندا بە پرۆگرامی رۆژنامە و گۆڤار و تیڤی و رادیۆ بڵاوەی پێ بكرێت، چەندین كۆڕو كۆبوونەوەی لەسەر بكرێ، كۆنگرەی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ ببەسترێت.

٢. یەكەی پراكتیكی: ئەم یەكەیە هەستێت بەكاركردن لەسەر بە كرداركردنی ئایینی ئیسلام،



بەتایبەتی لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکان، دانانی زیکری تایبەت و فستیڤاڵ و کۆڕ و مەولوود و هەموو یادەکانی دیکەی ئایینی بە دانانی پرۆگرامێکی تۆکمە و رۆحیی زۆر جوان.

٣. یەکەی توێژینەوە: ئەمەیان کار و چالاکییان لەسەر کۆکردنەوەی هەموو ئەو ئاسەوارانەی لە ئایینەکانی کوردی بەکار هاتووە، بەتایبەت ئایینی ئیسلام بۆ نموونە (درووشمی مانگ) لەسەر مزگەوتەکان لە بنەڕەتدا سەڵاحەدینی ئەیوبی دایناوە، هەروەها ئەو کەرەستانەی لە مەولوودنامە بەکار دێ کە لە بنەڕەتدا کورد ئەو داهێنانەی کردووە.

دەستنووسەکان (مەختوتات) و پەڕاوگە و هەموو ئەو شتانەی نووسراونەتەوە لەلایەن زاناکانی کوردی و ئەوانەی لە کوردستان ژیاون و ئەوانەی لەسەر کوردستانیان نووسیوە، لە روانگەی ئایینەوە، موسڵمان و ئایینەکانی دیکە و بەهەر جۆرە زمانێك نووسراوە.

## • خاڵی سێیەم:
## دروستکردنی پەیمانگەیەکی (پێکەوە ژیان)


ئەو پەیمانگەیە هەستێت بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی (پێکەوەژیان) بە پراکتیکی لەسەر ئاستی هاووڵاتی کوردی بە سەدان وتار و ئامۆژگاری لەناو مزگەوت و کەنیسە و لالش و هەموو ئەو شوێنانەی پەرستشی لێدەکرێت و پەیڕەوانی ئایینەکان هوشیار بکرێنەوە، لە خۆشی و ناخۆشی یەکتر بەشدار بین.

ئەو پەیمانگەیە هەستێت بە دروستکردنی چەندین ژوور، هەر ژوورێك کار لەسەر ئایینێك بکات، هەموو داتاو و پێویستییەکان ئامادە بکات بۆ حکومەت و دامودەزگای پەیوەندیدار، دیراسەی ورد بکرێ لەسەر هەموو ئایینەکان، بەتایبەت ئەوانەی لە کوردستان هەیە، ئەوانەی هاتووەتە کوردستان هەمووی لەم پەیمانگەیە تەدوین بکرێ، وەکو ئەرشیف لەبەر دەستی حکومەتدا بێت.

# ئیسلامی سیاسی لە سعودیە

ناکرێ باس لە ئیسلامی سیاسی لە عەرەبستانی سعودیە بکەین، بێ ئەوەی باس لە قۆناخەکانی دروستبووی ئەو دەوڵەتە نەکەین، کە بە سێ قۆناخدا تێپەڕیوە، قۆناخی یەکەم: دەوڵەتی یەکەمی سعودیە کە لەنێوان (١٧٤٤-١٨١٨) دامەزراو بە میرنشینی درعیە ناسرا، رێککەوتنێکی مێژوویی ستراتیژی لەنێوان حاکمی درعیە محەمەد کوڕی سعودی کوڕی موقرەن و لەنێوان شێخ محەمەد عەبدولوەهاب واژۆکرا، کە کاروباری سیاسیی دەوڵەت بەدەستی محەمەدی کوڕی سعود و نەوەکانی دوای ئەو بێت، هەروەها شێخ محەمەد عەبدولوەهاب کاروباری ئایینیی دەوڵەت بەڕێوەبەرێت، هەردوولا رازی بوون، چونکە شێخ محەمەد عەبدولوەهاب ئازاد دەبێت لە سەپاندنی ئەو بیروباوەڕەی خۆی بەسەر کۆمەڵگە، ئەو پیاوە حەنبەلی بوو، مەزهەبی حەنبەلیش نزیکترین مەزهەبە لە مەزهەبی سەلەفی، ئەو شەڕێکی بێ پسانەوەو بەهێزی دژی ئەفسانەو بیدعە لە ناوچەکە راگەیاند، شا محەمەد کوڕی سعود بەمە رازی بوو، چونکە ناچارکردنی خەڵك بە یەك بیروباوەڕ واتا ناچارکردنیان بە بەیعەتدان بە شا، چونکە ئیمامی موسڵمانانە، گوێڕایەڵیی شا ئەرکە، دیارە سەرکردەکانی جیهانی ئیسلامی بە درێژایی مێژوو ئەم رێسایەیان جێبەجێ کردووە. ئەبو حەسەن عامری دەڵێت: ئایین بە شا بەهێز دەبێت، شاش بە ئایین دەمێنێتەوە، ئامانجی زانایانی ئایین بەهێزکردنی ئایینە، ئامانجی سەرکردەکانی جیهانیش مانەوەی هەتاهەتاییە لە دەسەڵات، لەگەڵ توندبوونی ململانێی نێوان بنەماڵەی ئال سعود و ئال رەشید، بەڵام باوەڕیان بە بانگەوازەکەی شێخ محەمەد عەبدولوەهاب هێنابوو، کەواتە ناکۆکییەکەیان سیاسی بوون و لەپێناو سەپاندنی دەسەڵاتدا بوون، ئەم رێککەوتنە مێژووییە تا ئەمڕۆش پەیڕەو دەکرێت، ئال سعود حوکمی وڵات دەکەن و ئال شێخیش کاروباری ئایین بەڕێوەدەبەن، بەتایبەتیش لەئەستۆگرتنی موفتیی گەورەی دەوڵەت لە چەندین قۆناخی مێژووییدا، بەڵام دەوڵەتی یەکەمی سعودیە بەدەستی هێزەکانی عوسمانی و بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشا لە ساڵی ١٨١٨ رووخا، چونکە عوسمانییەکان بینییان کە ئەم دەوڵەتە ساوایە مایەی لەبەریەك دابڕینی نەتەوەی ئیسلامە و هەڕەشەیە بۆ خەلافەتی ئیسلامی، دەبێتە پاساوێکیش بۆ گەلانی دیکە بۆ سەربەخۆیی.

قۆناخی دووەم: دەوڵەتی دووەمی سعودیە، ئەم جارە تورکیی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سعود لەساڵی ١٨١٨ دایمەزراند و تا ساڵی ١٨٩١ واتا ٧٣ ساڵ بەردەوام بوو، بە میرنشینی نەجد ناونرا، بەڵام جارێکی دیکە بە دەستی ئال رەشیدەوە دوای چەندین شەڕ لەنێوان هەردوو بنەماڵەی ئال سعودو ئال رەشید رووخا.

قۆناخی سێیەم: دەوڵەتی سێیەمی سعودیەو کۆتایی، ئەم قۆناخە دواقۆناخەو لە ساڵی ١٩٠٢ دەست پێدەکات، کاتێ شا عەبدولعەزیزی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی فەیسەڵ ئال سعود ریازی گەڕاندەوە، هێزەکانی عوسمانی لە ساڵی ١٩٠٦ کشانەوە، دەوڵەتی سعودیە دوای ئەوە دامەزرا کە هەموو خاکی نیمچە دوورگەی عەرەبی بە پشتیوانیی بەریتانیا یەکخستەوە، ئەوە بوو مەککەی موکەڕەمەی لە ساڵی١٩٢٤ و مەدینەی منەوەرەی لە ساڵی ١٩٢٥ی هێنایە پاڵ دەوڵەتەکە، دواجار دەوڵەتی هاوچەرخی سعودیەی لە ساڵی ١٩٣٢ راگەیاند، لەوەتەی دامەزراندنیی سعودیە تائێستاش هەر ئال سعود حوکمڕانیی ئەو وڵاتە دەکەن، ئەمەش لیستێکە بە ناوو مێژووی حوکمڕانییان: دوای مردنی شا عەبدولعەزیز کوڕەکانی لە ساڵی ١٩٥٣وە دەسەڵاتیان گرتەدەست، بەم شێوەیە:

١. سعود کوڕی عەبدولعەزیز کوڕە گەورەی بوو (١٩٥٣-١٩٦٤).

٢ - فەیسەڵی کوڕی عەبدولعەزیز (١٩٦٤-١٩٧٥).

٣ - خالیدی کوڕی عەبدولعەزیز (١٩٧٥-١٩٨٢).

٤ - فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز (١٩٨٢-٢٠٠٥).

٥ - عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیز (٢٠٠٥-٢٠١٥).

٦ - سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز (٢٠١٥).

رەنگە ئەم جارە کوڕەکەی (میر محەمەد کوڕی سەلمان) بۆ حوکمڕانی کاندید بێت، چونکە رۆڵێکی کاریگەر و بەهێزی هەیە لە وڵاتدا، تاکو رۆڵیش بدەنە نەوەی لاو و شارستانی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا.

لە سەردەمی شا عەبدولعەزیزدا و بەدیاریکراویش لە ١٩١٥ بزووتنەوەی ئیخوان لە سعودیە پەیدا بوو، ئەم بزووتنەوەیە بەهێز بوو، ئامانجیش لەوەدا پاککردنەوەی ناوچەکە بوو لە هەموو دیاردەیەکی ئەفسانە و گەندەڵی و بیدعە و جادووگەری و بۆ جێبەجێکردنی شەریعەت و دامەزراندنی دەوڵەتێکی راستەقینەی ئیسلامی بوو، هەروەها وەستان دژی بیانی، بەتایبەتیش بەریتانیا دوای کشانەوەی هێزەکانی عوسمانی، دیارە شا عەبدولعەزیز پەیماننامەیەکی فەرمی بە ناوی پەیماننامەی

**له سەردەمی شا عەبدولعەزیزدا و بەدیاریکراویش لە ١٩١٥ بزووتنەوەی ئیخوان لە سعودیە پەیدا بوو، ئەم بزووتنەوەیە بەهێز بوو، ئامانجیش لەوەدا پاککردنەوەی ناوچەکە بوو لە هەموو دیاردەیەکی ئەفسانە و گەندەڵی و بیدعە و جادووگەری**

(ئەلقەتیف) لەگەڵ حکومەتی بەریتانیا لە ساڵی ١٩١٥ واژۆکرد، لە ١٩١٦ شا عەبدولعەزیز سەردانی ئیخوانی کردو دواتر رایگەیاند کە دەبێ هەموو هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بێنە نێو ئیخوانەوە بۆ پێکهێنانی سوپایەکی یەکگرتوو، فەیسەڵ دەروێشی کردە میر بەسەر هۆزەکانەوە، بزووتنەوەکە بەمە دڵخۆش بوو و قەناعەتی هات بەوەی کە شا سەرکردەیەکی سیاسییەو ئیسلامی دروست بڵاودەکاتەوە، ئامانجی سەرەکیی شا ئەوە بوو کە نەیارە سیاسییەکانی لەناوبەرێت و هەموو دەسەڵاتەکانی بکەوێتە دەست، لە هەمان ساڵدا شەریفی مەککە (حوسێن کوڕی شەریف) دامەزرێنەری شانشینی حیجازیی هاشمی شۆڕشی بەرپاکرد بۆ سەربەخۆبوونی عەرەب لە دەوڵەتی عوسمانی، خەلافەتیش لە توورکەکانەوە، کە بە قەناعەتی خۆی بە زوڵم لێی سەندبوون، بۆ عەرەب و ئال بەیتی پێغەمبەر(دخ)ی گواستەوە، چونکە خەلافەت لە قورەیشە نەك لە خەڵکی دیکە، بەریتانیا بەڵێنی بە شەریفی مەککە دا، بە گواستنەوەی خەلافەت تا ئەو ببێتە خەلیفەی موسڵمانان، بەڵام کاتێ خەلافەت لە ساڵی ١٩١٨ رووخا، بەریتانیا پشتی تێکرد، لە ساڵی ١٩١٩ شەڕێك لەنێوان ئەو و ئال سعود روویدا، بەڵام دۆڕاندی و دوای چەند شکستێك لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ قوبرس دوورخرایەوەو شەش ساڵی لێ ژیاو دواتر لەبەر نەخۆشی بەریتانیا رێگەی پێدا بگەڕێتەوە ئوردن، تا لە ساڵی ١٩٣١ کۆچی دوایی کرد.

بەهاو گرنگیی زانایانی ئایین لای سەرکردەکان، جێگیرە بە مەرجێ کە دەست لە سیاسەت وەرنەدەن، کاتێکیش دەست لە سیاسەت وەردەدەن، ئەم بەهایەیان نامێنێت، دواتر یەکسەر ململانێیەکە دەست پێ دەکات، رۆژ لەدوای رۆژ توندتر دەبێت، هەر کاتێ زیاتر بچنە نێو کاروباری سیاسیی دەوڵەتەوە، تا دەگاتە ئەو رادەیەی یەکدی بسڕنەوە، ئەمەش بە کردار روویدا لە سەردەمی شا عەبدولعەزیز لە ١٩٢٦، فەیلەسووفی ئەڵمانی ماکس فایبەر دەڵێت: کاتێ کاریزمای ئایینی لە سیستەمی سیاسی بەهێزتر دەبێت، ئەوا هەوڵدەدات کە سیستەمەکە ملکەچی بێت، ئەگەر بە تەواویش کۆنترۆڵی نەکات، جا لەبەرئەوەی دەوڵەت بانگەشەی کاریزمای تایبەت بۆ خۆی دەکات، ئەمە لایەنی ئایینی هاندەدات ئەمەیان بە کردەوەیەکی شەیتان لەقەڵەم بدات، ململانێی نێوان ئەو دوولایە کاتێ دەستی پێکرد کە شا پەیوەندیی لەگەڵ بەریتانییەکان هەبوو، ئەمەش لەگەڵ بیروباوەڕی ئیخوان ناکۆکە، هەروەها پێشێلکردنی رێککەوتنی نێوانیانە، ئەوە بوو شاو ئیخوان بەریەك کەوتن، لە ساڵی ١٩٣٠ ئیخوان پاکتاو کرا، شا پێی وابوو کە زۆر زەحمەتە دەوڵەتێکی مەدەنی و پێشکەوتووی بەهێز دابمەزرێت بێ ئەوەی پەیوەندیی لەگەڵ جیهانی دەرەوە کە رۆژئاوایە نەبێت، شا ئەو رووبەڕووبوونەوەیەی لەگەڵ ئەوان نەدەویست، بەڵام زۆر ئازاری بەدەست هەڵسوکەوتی ئیخوانەکانەوە چەشت، کاتێك شا عەبدولعەزیز سەردانی بارەگای فەیسەڵ دەروێشی کرد- کە شا بە میری هۆزەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دایمەزراندبوو- جلەکەی شا درێژ بوو، هاتن بە مەقەس زیادەکەیان بڕی، کە شا جلەکەی هەر لەبەردابوو، بۆیە جەلال کوشك کە مێژوونووسە کۆمێنتی لەسەر ئەم رەفتارەی ئیخوان دا و گوتی: کاتێ فەیسەڵ رەخنەی گرت لە درێژیی جلەکەی شا مەقەسێکی پێداو لێی گەڕا تا ئەوەی ئایین رێی نەداوە بیبڕێت، بەڵام کاتێ دەروێش هەڕەشەی لە رژێم کرد، ملی بڕی، ئیخوان لە سعودیە پەرتەوازە بوو، زۆربەیان هاتنە نێو پاسەوانی نیشتمانییەوە، شا عەبدولعەزیز پەیوەندیی بە بیرمەندانەوە کرد تا بتوانێت بەرهەڵستیی رەوتی نەریتیی توندڕەو بکات، پەیوەندیی بە محەمەد رەشید رەزاو شەکیب ئەرسەلان و چەندانی دیکە کرد، کە کەڵەبیرمەندی میانڕەو بوون.

لە ساڵی ١٩٣٦ حەسەن بەننا دامەزرێنەری ئیخوان موسلمینی میسری سەردانی سعودیەی کرد بۆ حەج، چاوی بە شا عەبدولعەزیز کەوت و دەستی ماچکرد. پێی سەرسام بوو، داوای لێکرد لقێکی ئیخوان لە سعودیە بکرێتەوە، بەڵام شا بە رێگەیەکی دیپلۆماسی رەتیکردەوە، پێی گوت: هەموومان براین و هەموومان موسڵمانین، هۆکاری مکوڕبوونی حەسەن بەننا بە کردنەوەی ئەو لقە دوو شتە: یەکەمیان گرنگیی هەردوو حەرەمی پیرۆز لە هزری جیهانی ئیسلامدا، دووەمیان ئەو نەوتەی لە ساڵی ١٩٣٦دا دۆزرایەوە، کاتێکیش شا عەبدولعەزیز سەردانی میسری کرد لە ١٩٤٥ ئیخوان موسلمین بە

**بەهاو گرنگیی زانایانی ئایین لای سەرکردەکان، جێگیرە بە مەرجێ کە دەست لە سیاسەت وەرنەدەن، کاتێکیش دەست لە سیاسەت وەردەدەن، ئەم بەهایەیان نامێنێت**

گەرمییەوە پێشوازییان کرد، پەیوەندییەکەیان بەهێزبوو، بەڵام دواتر تێکچوو، دوای پیلانی ئیخوان کە شۆڕش لە یەمەن بەرپا بکەن، چونکە بینیان کە سعودیە پشتگیریی ئیمارەتی بۆماوەیی زەیدیی دەکات، پەیوەندیی نێوان شا عەبدولعەزیز و شا فاروق چاك بۆوەو ناکۆکییەکانیان بەلاوەنا بەهۆی پشتگیریی سعودیە بۆ ئیمارەتی زەیدی، دوای کوشتنی حەسەن بەننا لە ساڵی ١٩٤٩ و مردنی شا عەبدولعەزیز لە ١٩٥٣ سەرکوتکردنی ئیخوان موسلمین لە میسر دەستی پێکرد، شا فەیسەڵ دەرگای وڵاتەکەی بۆ پێشوازیکردنی چەوساوەکانی میسرو سووریا بەتایبەتیش لەنێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٦٥) خستەسەر پشت، واتا دوای دووساڵ لە وەرگرتنی حوکمڕانیی میسر لەلایەن جەمال عەبدولناسر، ئیخوان لە ساڵی ١٩٥٤ لە کاتی حەجدا کۆنگرەیەکیان بۆ ڕێکخستنەوەی هەیکەلبەندیی حزبەکەیان سازکرد بە سەرۆکایەتیی ڕابەری گشتی حەسەن هزیبی، زانکۆکانی سعودیە پڕبوون لە سەرکردەکانی ئیخوان، کاریگەریی فیکریی گەورەیان لە سعودیە بڵاوکردەوە، نەوەیەکی گەنج هەڵکەوت کە پەیڕەوی ئیخوان موسلمینیان بە فیکری سەلەفییەوە گرێدا، ئەو گرووپە دوای ئەوەی عێراق پەلاماری کوێتی دا، بەهێزبوون، کاتێ سعودیە پەنای بۆ هێزەکانی ئەمریکا بردو بنکەکانی بۆ کردەوە تا دژی تەماعکاریی سەدام بوەستنەوەو کوێت لە هێزەکانی عێراق ڕزگاربکەنەوە، لێرەدا پەیڕەوکارانی ئەو گرووپە دەستیان کرد بە تەکفیرکردنی دەسەڵات و زانایان کە پشتگیریی پەنابردن بۆ کافرەکانیان کرد، هەندێکیان دوای گۆڕانی ئەو ڕژێمە کافرەیان دەکرد، لەوانە وەلید سینانی کە ٢٣ ساڵ زیندانی بوو، سعود قەحتانی ٢٢ ساڵ زیندانی کرابوو، هەندێکی دیکە تائێستاش دژی دەسەڵاتی سعودیەن، وەك سەفەر حەوالی و سەلمان عەودە، ئەوانە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پەیڕەوی کودەتاچێتیی ئیخوان موسلمین و نەچوونە نێو ڕەوتی سەلەفی و پەروەردەییەوە، کەواتە دوو سەلەفی هەن، سەلەفییەتی بانگخوازی کە ئاشتیخوازە لەگەڵ دەسەڵات وەك ئەوەی سعودیەو هەندێ دەوڵەتی کەنداو، سەلەفییەتی جیهادی وەك ئەوەی لە میسر و جەزائیر و ئەفغانستان و ماوەیەکیش لە کوردستان هەبووە، سەلەفییەتی جیهادی شێوەی زۆری هەیە وەك قاعیدەو داعش و بەرەی نوسرە، پێویستە باسی سەلەفییەتی سروری بکەین کە تێکەڵەی سەلەفییەت و قوتبییە بوو(سەر بە سەید قوتبی میسرییە کە جەمال عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٦٦ لەسێدارەی دا) دامەزرێنەرەکەی (محەمەد سرور زەینولعابدین)ـە کە خەڵکی سووریایە.

لەسەردەمی شا فەیسەڵ (١٩٦٤) دوو ڕەوتی ئیسلامی لە سعودیە چالاك بوون: ڕەوتی ئیخوان کە بە سەحوەی ئیسلامی ناسرابوو، بریتی بوون لە پەنابەرانی میسر و سووریا و عێراق، ئەمە ڕەوتێکی بیانی بوو، دووەمیان ڕەوتی سەلەفی نەریتیی لۆکالی، ئەم ڕەوتە زیاتر بەهێزبوو دوای دامەزراندنی زانکۆی ئیسلامی لە مەدینەی منەوەرە بە سەرۆکایەتیی موفتیی گشتی محەمەد ئیبراهیم ئال شێخ و جێگرەکەی شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی باز ساڵی ١٩٦١، ئەمەیان داوای لە ئەلبانی کرد کە وانە لە زانکۆ بڵێتەوە، کاتێ جێگری سەرۆکی زانکۆ بووە، بەڵام لە ١٩٦٣ گرێبەستەکەیان بۆ تازە نەکردەوە، چونکە ڕەخنەی توندی لە زانایانی سعودیە گرت، دوای خۆی چەندین قوتابی بەجێهێشت کە پابەندی بەرنامەکەی بوون، دواتر کۆمەڵەی سەلەفییەی موحتەسیبەیان لە ١٩٦٥ دامەزراند، هەموو پەیکەرو وێنەکانی زانکۆیان وردوخاش کرد، ئینجا ئەنجومەنی شورا دامەزرا بۆ بەڕێوەبردنی گرووپەکە بە سەرۆکایەتیی کوڕی باز، لەنێوان ئەو گرووپەش جوهەیمان عتێبی بوو — کە دواتر پەلاماری کەعبەی دا و دەستی بەسەردا گرت و دواتر باسی دەکەین- هەروەها موقبیل وادعی لە یەمەن و هەندێ لە ئەندامانی ئیخوان ئەوانەی بەشدارییان کرد لە وەستانەوە دژی شا عەبدولعەزیز، لەم ماوەیەدا میر خالید کوڕی موساعیدی کوڕی عەبدولعەزیز ئیخوانی کۆکردەوە تاکو پشتیان پێ ببەستێت بۆ دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەت، لە ساڵی ١٩٦٥ هەوڵیدا بارەگای تەلەفیزیۆن لە ریاز داگیربکات، بەڵام شکستی هێناو بە فەرمانی شا لەسێدارە درا، هەرچەندە کوڕی بنەماڵەی حوکمڕان بوو، لە ساڵی ١٩٧٥دا شا فەیسەڵ کوژرا، هێزی ئەو گرووپەش بە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران ساڵی ١٩٧٩ زیادی کرد، پێیان وابوو کە ئەم شۆڕشە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ هەر

**لە ساڵی ١٩٣٦ حەسەن بەننا دامەزرێنەری ئیخوان موسلمینی میسری سەردانی سعودیەی کرد بۆ حەج، چاوی بە شا عەبدولعەزیز کەوت و دەستی ماچکرد. پێی سەرسام بوو، داوای لێکرد لقێکی ئیخوان لە سعودیە بکرێتەوە، بەڵام شا بە ڕێگەیەکی دیپلۆماسی ڕەتیکردەوە**

**دوو سەلەفی هەن، سەلەفییەتی بانگخوازی کە ئاشتیخوازە لەگەڵ دەسەڵات وەک ئەوەی سعودیەو هەندێ دەوڵەتی کەنداو، سەلەفییەتی جیهادی وەک ئەوەی لە میسر و جەزائیر و ئەفغانستان و ماوەیەکیش لە کوردستان هەبووە**



شۆڕشێکی ئیسلامی، ئەم گرووپە واتا ئیخوان ناوەندێکیان لە مەدینە دامەزراند، کە بە ماڵی ئیخوان ناسراو ئەحمەد حەسەن موعەلیم کە قوتابییەکی پێشووی یەمەنی بوو لە زانکۆی ئیسلامی بەڕێوەی دەبرد، لە ساڵی ١٩٧٦ ئەم گرووپە لە هەموو شارەکانی سعودیە بڵاوبۆوە، جوهەیمان عتێبی عەقڵی بەڕێوەبەریان بوو، هەمیشە لەگەڵ شێخەکانی سعودیە ناکۆك بوو، شاندێك بە سەرۆکایەتیی ئەلجەزائیری سەردانی ناڵی ئیخوانی کرد تاکو دەستبەرداری رەفتارە نامۆو هەڵوێستە توندڕەوییەکەیان بن، ئەوە بوو بەرکەوتنێکی توند لەنێوان ئەلجەزائیری و جوهەیمان روویدا و گرووپەکە لە ١٩٧٧ بوونە دووبەش، گەنجەکان هاتنە ریز جوهەیمان، ئەوانی دیکەش لای ئەلجەزائیری، جوهەیمان ١٨ ساڵ لە پاسەوانی نیشتمانی کاریکرد، دواتر پەیوەندیی بە زانکۆی ئیسلامیی مەدینەوە کرد، ئینجا بوو بە ئیخوان، کاتێك دەسەڵات زانی جوهەیمان لە گرووپە نەریتییە شەرعییەتەکەی سەر بەدەسەڵات جیابۆتەوە، پۆلیس پەلاماری ناوەندەکەیان دا، بەڵام خۆی و هاوڕێکانی هەڵاتن، دوو ساڵ لە بیابانی سعودیە ژیانی بەسەربرد، لە ١٩٧٩ گرووپەکە بەیاننامەیان بڵاوکردەوە بۆ گۆڕینی رژێم و هەڵگیرساندنی شۆڕش، وەك لاساییکردنەوەی شۆڕشی خومەینی، ئەوانە لە رووی بەرنامەوە نەك فیکرییەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی گرووپە چەکدارەکانی میسر، هەروەها بە کاسێتەکانی وتاربێژی ناودار عەبدولحەمید کوشك کە لە ١٩٩٦ کۆچی دوایی کرد، دواتر جوهەیمان دەستی کرد بە دانانی کتێب و نووسینی نامە لە تەکفیرکردنی دەسەڵاتی سعودیە، لە راستیدا جوهەیمان لە کتێبێکیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کە باپیرانی لە هۆزی عوتەیبە چییان بەسەر هاتووە، کاتێ شا عەبدولعەزیز لە ساڵی ١٩٢٩ لە شەڕی ئەلسوبلە پاکتاوی کردن، هەروەها فەیسەڵ دوێش کە شا عەبدولعزیز لە سێدارەی دا، هەروەها سوڵتان کوڕی جاد هەردووکیان شێخی عەشیرەتەکانی عوتەیبەو موتێر بوون، تەنانەت باوکی جوهەیمان کە ناوی محەمەد کوڕی سەیفە بەشداری لە شۆڕشی ئیخواندا کرد دژی شا عەبدولعەزیز، بەڵام رزگاری بوو و تا ساڵی ١٩٧٢ ژیا، شۆڕشەکەی ئایینی بوو لە رووی دروشمەوە، بەڵام لە واقیعدا هۆزخوازی بوو، یەکێك لە نزیکەکانی دەڵێت: زۆر دەمارگیری هۆزەکەی بوو، زۆر باسی عەیبی هۆزەکانی دیکەی دەکرد، لە

**لە ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ جوهەیمان و هاوڕێکانی کە ٣٠٠ چەکدار دەبوون، پەلاماری مزگەوتی مەککەیان داو داگیریان کرد، بە مایکرۆفۆن بە خەڵکیان گوت پێش راگەیاندنی شۆڕش کە محەمەد کوڕی عەبدوڵای قەحتانی خزمێکی ئەوە کە مەهدی مونتەزیرە و نوێکەرەوەی ئیسلامە، بۆیە دەبێ بەیعەتی بدەنێ**



٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧٩ جوهەیمان و هاوڕێکانی کە ٣٠٠ چەکدار دەبوون، پەلاماری مزگەوتی مەککەیان داو داگیریان کرد، بە مایکرۆفۆن بە خەڵکیان گوت پێش ڕاگەیاندنی شۆڕش کە محەمەد کوڕی عەبدوڵای قەحتانی خزمێکی ئەوە کە مەهدی مونتەزیرە و نوێکەرەوەی ئیسلامە، بۆیە دەبێ بەیعەتی بدەنێ، ١٧ ڕۆژ بەرگرییان کرد، بەڵام شۆڕشەکەیان دامرکایەوە بە هاوکاریی سێ ئەفسەری هێزە تایبەتییەکانی فەرەنسا بە سەرۆکایەتیی کاپتن پۆل پاریل، لە ١٩٨٠ جوهەیمان و هاوڕێکانی لە سێدارە دران، قەحتانیش کوژرا، زۆربەی ئەوانەی لە سێدارە دران لە هۆزەکەی عوتەیبە بوون، هەروەها لە میسرو یەمەنی باشوورو باکوورو کوێت و عێراق و سودان، جوهەیمان مردو ئەبو محەمەد مەقدیسی ئوردنی بەردەوام بوو لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئەو، دواتر کتێبێکی دەربارەی تەکفیرکردنی دەوڵەتی سعودیە و بەرگریکردن لە شۆڕشی جوهەیمان بڵاوکردەوە، لە ئێستاشداو لەوەتەی ١٩٩٥ لە بەندیخانەکانی ئوردندا زیندانی کراوە.

دوای ئەوەی سعودیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر لە ٢٠١٧ پچڕاند، قەتەر پێشوازی لەو ئیسلامییانە دەکات، کە نەیاری سعودیەن، کەناڵی جەزیرەش دۆسێی ئیسلامییەکان دەکاتەوە کە لە زیندانەکانی سعودیەدان، قەتەر پڕی بووە لە ئیخوان موسلمین کە بەردەوام ڕەخنە لە سعودیە و ئیمارات و میسر دەگرن، لە ڕێی دەزگای یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە لەندەن بە سەرۆکایەتیی یوسف قەرزاوی دامەرزا، ئێستاش ئەحمەد ریسوّنی دوای هەڵبژاردنی لە کۆنگرەی ئەستەنبوڵ لە ٢٠١٨ سەرۆکایەتیی دەکات، عەلی قەرەداغی پۆستی ئەمینداری گشتیی هەیە، بارەگاکەی ئێستا لە قەتەرە، سعودیەو ئیمارات و بەحرەین ئەم دەزگایەیان لە لیستی تیرۆر پۆلێنکردووە، چونکە دەزگایەکی حزبییە و مەبەستی تێکدانی سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا، هەروەها ئەمینداریّتیی گشتیی دەستەی گەورە زانایان لە سعودیە لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەی لەم دەزگایەو سەرۆك و ئەندامەکانی گرت، کە پێیوایە ئەم دەزگایە فیکریی زانستی نییە، بەڵکو دەزگایەکی سیاسییەو ئیسلامییەکانی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتەکانیان کۆکردۆتەوە، کە چەترێکی شەرعییە بۆ گۆڕینی ڕژێمەکانی حوکم لە وڵاتەکانیاندا.

**دوای ئەوەی سعودیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ قەتەر لە ٢٠١٧ پچڕاند، قەتەر پێشوازی لەو ئیسلامییانە دەکات، کە نەیاری سعودیەن، کەناڵی جەزیرەش دۆسێی ئیسلامییەکان دەکاتەوە کە لە زیندانەکانی سعودیەدان، قەتەر پڕی بووە لە ئیخوان موسلمین کە بەردەوام ڕەخنە لە سعودیە و ئیمارات و میسر دەگرن**

# سۆشیال میدیا

## بەشی شەشەم

## دروستکردنی تاکێکی گریمانەیی

ئەگەر سەیری تێکڕای ئەو کاتانە بکەین کە تاك لەگەڵ جۆرەکانی سۆشیال میدیادا خەرجی دەکات، دەکرێت بڵێین: ژیانە لە ئۆنلاین، واتە ژیانێکی خەیاڵیی پەیوەندیکردنە لەگەڵ دەوروبەر و هاوڕێ خەیاڵییەکانی ئەو کەسە، شێوازەکانی کۆمینیکەیشن کە لە کۆمەڵگەی واقیعدا ئەنجامی دەدات، تەواو جیاوازە لەو کۆمینیکەیشنەی کە لە جیهانە ئۆنلاین و خەیاڵییەکەدا ئەنجامی دەدات، وەك (دەربڕین، شێوازی دانیشتن، زیادکردنی هاوڕێکان، تەنانەت لەو وێنەیەش کە هەڵیدەبژێرێت بۆ پرۆفایلەکەی و ئەو وێنەیەش کە دەیەوێت لەناو تۆڕی کۆمەڵایەتیدا بۆ خۆی دروستی بکات.

جاران کۆمەڵگەی واقیع بریتی بوو لە ئەندامانی خێزان، کە یەکەم جار تاك پێی ئاشنا دەبوو، دواتر گەڕەکەکەی و هاوڕێکانی، دراوسێکانی تاکو هاوپیشە و هاوپۆلەکانی، کە ئەمانە بە خواستی خۆی، یان بە بوونی هاوبەشییەك لە نێوانیادا کە جوگرافی، فیکری، کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی بێت، هەڵیدەبژاردن. بەڵام ئەوەی لە ژیانە ئۆنلاینەکەیدا هەڵیدەبژێرێت، زۆر جار ئەم جۆرە لە پەیوەندی تێدەپەڕێنێت، بۆ نموونە: زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاوڕێمانن، ڕەنگە نە جوگرافی، نە ڕەگەزی، نە نەتەوەیی، نە هاوپیشە، نە هاوپۆلمان بن، ڕۆژانەش چەندین کاتژمێر کاتیان لەگەڵ دەبەینە سەر و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەین. ئەمە وادەکات مرۆڤ ئەو نۆرمە سرووشتییەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردن لەگەڵ مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکەی خۆی ون بکات و ئەو هەڵسوکەوتەی کە ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانی لە ژیانە ئۆنلاینەکەی دەیکات، دەبێتە ڕەفتاری واقیعی، بەتایبەتی ئەمە لە هەندێك ڕووەوە بەرکەوتەی کولتووری دروست دەکات، چونکە سۆشیاڵ میدیا کە بە میدیای دیموکراسی ناسراوە، تەواوی ئازادیی ڕەهای تێدا دەستەبەرە، لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە تاك لە ڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە ئازاد نەبێت و خاوەن بیرکردنەوە و ڕەفتارێکی تاکگەرایی نەبێت، لە ژیانە ئۆنلاینەکەی تەواو تاکگەرایە، ئەو کات لەنێوان ئەم دوو جۆرە هەڵسوکەوتەدا تووشی






## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

قەیران و قەلەقیی ناسنامە دەبێت .بۆ نموونە: ئافرەتێك كە لە ژیانە نەریتییەكەیدا هێشتا ڕێگەی پێ نەدراوە كە هاوڕێیەكی كوڕی هەبێت، بەڵام لە فەیسبوك، یان ئینستیگرام و.. هتد، سەدان هاوڕێی كوڕی هەیە و ئازادانە وتوێژیان لەگەڵ دەكات، ئەوكات كە ئەمە دەیهێنێتە كۆمەڵگە واقیعییەكەی، ئەوا تووشی بەركەوتەی كولتووری دەبێت، یان كاتێك تاكێك بە پۆستێك، یان بە پەیامێك هەزار هاوڕێی ئاگادار دەكاتەوە، یان پەیامەكەیان بۆ دەنێرێت، كە دێتە كۆمەڵگە واقیعییەكەی كە تاك تاك دەبێت گفتوگۆیان لەگەڵ بكات و گوێیان لێ بگرێت، ئەستەمە بۆی. هەر بۆیە پسپۆڕی بواری سایكۆلۆژیای میدیا (گراهام بیڵ) دەڵێت: «ئەم نەوەیە كە بە نەوەی تەكنۆلۆژیا و ئایپاد و ئایفۆن...هتد، ناسراوە، نەوەیەكی تووڕە و بەپەلەن، چونكە ئەو بە مامەڵەی كلیك فێربووە، بە كلیكێك چی دەوێت بە ئامرازەكەی دەستی دەیكات، بۆیە دەشیەوێت لە كۆمەڵگە واقیعییەكەیدا بە هەمان شێوە بە خێرایی وەڵامی بدەنەوە و خێرا پەیامەكەی بگەیەنێت، یان ئەگەر پێداویستییەكی هەبوو، خێرا بۆی دابین بكەن، كاتێك ئەمە بە خێرایی ڕوونادات، خێرا تووڕە دەبێت.» لەلایەكی دیكەشەوە مامەڵە لەگەڵ ژیانی ئۆنلایندا، مامەڵەیە لەگەڵ دەموچاوێك كە دیار نییە، بیستنی وشەیەكە كە چاوت لێی نییە و نازانیت چۆن لە زار دێتەدەرەوە، ئاساییە بە دانیشتنەوە، یان بە پاڵكەوتنەوە، یان بەهەر بارێكی جەستەتدا كەوتبیت، قسە بكەیت، گوێ بگریت، بنووسیت، كاتێك دێتە كۆمەڵگە واقیعییەكە سەیر دەكەیت شێوازی گفتوگۆ باری تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ئەو كەسانەی كە زۆربەی كاتەكانیان لە ژیانی ئۆنلاین و لەناو سۆسیاڵ میدیا بەسەر دەبەن، نازانن بە ڕیتمی كۆمەڵگە واقیعییەكە كۆمینیكەشن بكەن. ئەمە جگە لەوەی تا زۆرتر بچنە ناو كۆمەڵگەی سۆشیاڵ میدیاوە، زیاتر دابڕانیان لە كۆمەڵگە نەریتییەكە بۆ دروست دەبێت و نامۆ دەبنەوە بە ژیانی هاوڕێ و كەسە نزیكەكانی ژیانی واقیعییان، بۆیە دواجار تاكێك دێتە ناو كۆمەڵگە كە خەیاڵییە و بە خەیاڵ دەژی.